# پرسی
# شۆڕش و دژەشۆڕش

## (پارادیگمای رەخنە و رەخنەدان و دۆخی باشووری کوردستان)

حەسەن جودی



# پرسی

# شۆڕش و دژەشۆڕش

**(پارادیگمای ڕەخنە و ڕەخنەدان و دۆخی باشووری کوردستان)**

**حەسەن جودی**

**2017**

# پرسی شۆڕش و دژە شۆڕش

نووسینی: حەسەن جودی

بابەت: فیکری

دیزاین: گۆران پێنجوێنی

تیراژ: 1000

چاپ: چاپی یەکەم2017

لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە

# پێڕست

ماهییەتی شۆڕشگێڕانەی رەخنە و رەخنەدان.............5

باشوور؛ گۆڕستانی رەخنە و رەخنەدان.......................29

وەهمی شۆڕش - شۆڕشگێڕی..................................39

پەتاکانی شۆڕش – دۆگماتیزم و لومپەنیزم..............58

رەوتەکانی دژە شۆڕش – ئاشبەتاڵی و تاڵانی...........70

مانیفێستۆی شۆڕش - پارادایمی شۆڕشگێڕی............85

ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕی – پۆلینی شۆڕش...............96

بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕی.............................129

پۆلینکاری رەوتەکان - لە دەروازەی شۆڕشدا...........147

ئەنجام روو لە شۆڕش – هەمیشە شۆڕش...............187

تێبینی...............................................................196

-1-

# ماهییەتی شۆڕشگێڕانەی رەخنە و رەخنەدان

بەر لەهەموو شتێك وا باشە بەوە دەستپێبکەین کە رەخنە و رەخنەدان پارادایم (پارادیم، پارادیگما، جیهانبینی، مەتۆد) ێکی دیالیکتیکی ژیانی سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگایە و بۆخۆی کردەیەکی سەرلەنوێ واتادانەوەیە بە هەموو شتێك و هێشتنەوەی هەموو شتێکە بە سروشتی زیندووی خۆی. بۆیە رەخنە و رەخنەدان وەك پارادایمێکی شۆڕشگێڕانە پەسنی دەدەم.

ئەگەر بە جیاواز لە هەر یەك لە رەخنە و رەخنەدان بڕوانین ئەوا دوو کردەی ئاوێتەبووی یەکترن. لەیەکتر جیانا کرێنەوە و بەیەکەوە واتادارن. رەخنە و رەخنەدان کردە

(پرۆسە)ی شۆڕشگێڕبوون و شۆڕشگێڕبووونی بەردەوامن، هێزی بەردەوامبوونی ژیانن بە گەشەسەندوویی و گۆڕانکاری بەردەوام، دینامیکی بەسروشتی مانەوە و پێشکەوتن و وەرچەرخانی هەمیشەیی هەر مرۆڤ و رێکخستن و کۆمەڵگایەکە. هەڵەیەکی کوشندەیە وا تێبگەین کە رەخنە و رەخنەدان تەنیا بریتییە لە میکانیزمێك بۆ خستنەڕووی کەموکوڕی و هەڵەکان، بەڵکو لە بنەڕەتدا دینامیکی دۆزینەوە و خستنەڕووی ماتەوزەی مرۆڤ و رێکخستن و کۆمەڵگایە. تەنانەت نهێنی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هەر مرۆڤ و رێکخستن و کۆمەڵگایەکیش بەندە بەوەی چەندە ئەو دووو کردەیە (رەخنە و رەخنەدان)

بەیەکـــەوە جێبـــەجێ دەکـــات. رەخنـــە و رەخنـەدان بوێرییـە لەبەرامبـەر بـە هەڵـە و کەموکوڕییەکان، دڵسۆزییە بەرامبەر بەو ئەرك و بەرپرسیارێتییەی لەئەستۆ دایە، وەفادارییـە بەرامبەر بەوانەی وەفادارت دەبیـنن... رەخنـە و رەخنەدان رێگای خستنەڕووی راستییەکان و ئاشـــــــکراکردنی وەهـــــــــم و درۆ و چەواشـــەکارییەکانە، رێگـــای ئافرانـــدنی چارەسەریی کێشە و گرفتەکانە.

رەخنـە و رەخنـەدان چەنـدە بەیەکـەوە هاوواتان ئەوەندەش هەریەکەیان کردەیـەکی سـەربەخۆن. لەبنچینـەدا لـە قـوڵایی هـەر رەخنەگرتنێکدا رەخنەدانێك هەیە، لـە قوڵایی هـەر رەخنـەدانێکیش رەخنـەگرتنێك هەیـە.

ئەگەر رەخنەگرتن بە ڕووی دەرەوەیە، بە ڕووی بونیادەکانی دەرەوەیە، ئەوا رەخنەدان بە ڕووی ناوەوەیە و بە ڕووی بونیادەکانی ناوەوەیە.

کێشـەی مرۆڤێـك، رێکخسـتنێك و کۆمەڵگایەك لەوەوە دەستپێدەکات کە رەخنە ناکات و رەخنەدان نادات، ئامادەگیی بۆ رەخنە وەرگرتن و رەخنەگرتن و رەخنەدان نییـە. هـەر مرۆڤێـك، رێکخسـتنێك و کۆمەڵگایەك بوێری ئەوەی نەبێ رەخنەدان بدات، بوێری ئەوەیشی نییە رەخنە بگرێت، پێچەوانەکەیشی هەر راستە و ئەوەی بوێری رەخنەگرتنی نەبێت بوێری رەخنەدانیشی نییە.

بێگومـــان جورئـــه‌تی ره‌خنـــه‌ و ره‌خنـــه‌ له‌خۆگرتن له‌و په‌روه‌رده‌یه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرێ کـه‌ ئاسـۆی بیركردنـه‌وه‌ی مـرۆڤ فـراوان و فراوانتر ده‌كه‌ن، بیركردنه‌وه‌ی مرۆڤ قـووڵتر ده‌كاته‌وه‌ و به‌ ئاقاری گه‌یشتن بـه‌ بـڕی هـه‌ره‌ زۆر لـــه‌ حه‌قیقـــه‌ت ئاراســـته‌گیر ده‌بێـــت. دووركه‌وتنـه‌وه‌ لـه‌ ره‌خنـه‌ و ره‌خنـه‌دان دوور كه‌وتنه‌وه‌یه‌ له‌ ژیان و ئافراندن، نوێبوونـه‌وه‌ و گۆڕانكـــاری، راســـتییه‌كان و رێگاكـــانی چاره‌سه‌ری.

مسـۆگه‌ر سـه‌ره‌تای هـه‌ر گۆڕانكـاری و وه‌رچـــه‌رخانێك بـــه‌ ره‌خنـــه‌ و ره‌خنـــه‌دان ده‌ســـتپێده‌كات، بنـه‌مای هوشـیاری تـاك و كۆمه‌ڵگا له‌وه‌وه‌ ده‌ستپێده‌كات كاتێك ئاماده‌یه‌

رەخنـە لـە رابـردووی خـۆی بگرێـت، ئـەم رەخنەگرتنە لە ڕابردوو بۆخۆی رەخنەدانێکیشە بەرامبەر بە ئێستا و داهاتووش. چونکە ئەوەی رەخنـەی لێـدەگیرێت نابێـت بـەردەوامی پێبدرێت، دەبێت لەبری ئەوە شتی نـوێتر بێتـە پێشـەوە و بئافرێنرێـت. بـەبێ رەخنـە لـە مێژوو(بـە هـەموو بویـەر و هەڵوێسـت و کەسێتییەکانیەوە) ناتوانرێت لە ئێستادا بوێری ئـەوە بخرێتـەڕوو کـە هـەوڵی گۆڕانکـاری و وەرچەرخانی مێژوویی دەدرێت. رەخنەگرتن لـە مێـژوو و رابـردوو، رەتکردنـەوەی مێـژوو و رابــردوو نییــە، بــەڵکو خســتنەڕووی راستییەکانیەتی بە جوان و ناشـیرینییەکانیەوە، بە لایەنە باش خراپ و خراپەکانییەوە.

هه‌روه‌ها ده‌بێ له‌وه‌ش به‌ ئاگابین كه‌ هه‌رڕه‌خنه‌كردنێكی مێژوو به‌واتای به‌دیهێنانێكی نوێی ئاینده‌ نییه‌. به‌واتای ئه‌وه‌ نییه‌ ئیدی پرۆژه‌ی بۆ گۆڕان و وه‌رچه‌رخانی بنچینه‌یی پێیه‌ به‌ ئاراسته‌ی جیاوازتری باشتر. هه‌ندێكجار؛ وه‌ك له‌لایه‌ن خاوه‌ن ئایدیۆلۆژییه‌ دۆگما و سه‌له‌فییه‌كانه‌وه‌ هه‌یه‌، ڕه‌خنه‌یان له‌ مێژوو و ئێستا بۆ به‌دیهێنانی ژیانێكی جیاوازتری باشتر نییه‌، به‌ڵكو بۆ به‌دۆزه‌خكردنی ئێستا و ئاینده‌شه‌. هه‌ر ڕه‌خنه‌یه‌ك ئاوێته‌گیر بوو به‌ توندوتیژییه‌وه‌ ئه‌وا بۆ هێنانه‌كایه‌ی دۆزه‌خێكه‌. كه‌واته‌ ڕه‌خنه‌یان له‌ مێژوو بۆ شێواندنی جوانییه‌كانی مێژووه‌. ئه‌گه‌رنا ڕه‌خنه‌كردن له‌ مێژوو خۆی

بەشێکە لە رابوون و هەڵسانەوە لە ئەمڕۆدا و بونیادنانەوە لە داهاتوودا.

بە واتایەکی دیکە؛ بەرپابوونی شۆڕش، جا هەر شۆڕشێك بێت، سەرەتا بە رەخنەگرتنی رابردوو و رەخنەدان لە ئێستادا، کە بەردەوامی بە رابردوو دەدرێت، دەستپێدەکات. بەرپاکردنی شۆڕش لەبنەمادا کردەی رەخنە و رەخنەدانی بەردەوامە، تا رەخنە و رەخنەدان وەك کردە و دینامیك و رێگای دیتنی راستیەکان و چارەسەری هەبێت، تا ئەو کاتەش شۆڕش وەك کردەیەك، دینامیکێك، رێگایەك بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت و دەستنیشانکردنی رێگاچارەی کێشە و گرفت و قەیرانەکان بەردەوامە. بۆیە شۆڕشگێڕیش لە

بنچینــەدا بەردەوامبوونــە لــە رەخنــە و رەخنەدان، تا ئەوکاتەی لە رەخنە و رەخنـەدان بـەردەوامبیت، تـا ئەوکاتـەی بـەگوێرەی ئـەو رەخنە و رەخنەدانەش بیربکەیتەوە و بژیـت و تێکۆشان بکەیت، تـا ئەوکاتـە شۆڕشگێڕییشـت بەردەوامە.

بــۆ نموونــە؛ پەکەکــە تەڤگــەرێکی شۆڕشگێڕی نوێیە، بـە رەخنـەگرتن لـە مێژوو دەســتیپێکرد و گەیشــتە ئێســتا، ئێســتای شیکردەوە و تاك و رێکخستن و کۆمەڵگای بەر رەخنــە دا و وەکــو هــەن و بــاون پەســندی نـەکردن، بۆیـە بـەدوای ئەلتـەرناتیڤی تـاك و رێکخستن و کۆمەڵگایەکی دیکەدا گـەڕا. خـۆی بـووە کەشــتی ئـەو لێگەڕینـە و بـووە ئـەو

ئەلتەرناتیڤە. تاکێکی ئازاد، ڕێکخستنێکی شۆڕشگێڕ و کۆمەڵگایەکی دیموکراتی کردە بنەما و تەوەری تێکۆشانی بەردەوامی خۆی. مسۆگەر لەدایکبوونی پەکەکە لەدایکبوونێکی ڕەخنەگرانە بوو، بۆیە بووە پلاتفۆرمێکی نوێی ڕەخنە و ڕەخنەدانیش. لەڕاستیدا پەکەکە تەڤگەرێکی ڕەخنە و ڕەخنەدانە، نهێنی گەنج مانەوەی پەکەکە و پێشکەوتن و گەشەسەندنیشی ئارادەیەکی زۆر پەیوەندیدارە بەو تایبەتمەندییە دەستلێبەرنەدراوەی خۆی. کەواتە ڕەخنە و ڕەخنەدان، وەك پارادایمی شۆڕشگێڕبوون، بریتییە لە بەردەوامیدان بە پرۆسەی مرۆڤبوون و کۆمەڵگابوون، زیندوو هێشتنەوەی

دینامیکی پێشکەوتن و گۆڕانکاری، تێکدان و بونیادنانەوەی هەمیشەیی.

هەڵبەتە دەبێ خۆ لەو خەڵەتاندن و خۆخەڵەتاندنەش بەدوور بگرین کە گوایە "مادام لەناو تەڤگەرێکی شۆڕشگێڕی دایت کەواتە تۆ شۆڕشگێڕیت و ئیدی تەواو بوویت بە شۆڕشگێڕ!!." بێگومان ئەمە خەڵەتاندن و وەهمێکە و ئەوانەی لە ماهییەتی شۆڕشگێڕانەی رەخنە و رەخنەدان تێنەگەیشتوون تێیدەکەون. ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر شۆڕش بۆخۆی کردەیەکی بەردەوامی رەخنە و رەخنە لەخۆگرتنە لەبیر و گووتە و کرداردا، ئەوا شۆڕشگێڕێتی ناو ئەو شۆڕشەش هەر بریتییە لە بەردەوامبوون لەسەر رەخنە و

رەخنەدان لە بیر و گووتە و کرداردا. ئەگەرنا ئیدی هەرتەنیا هەبوونت بە جەستە لەناو بزاڤێکی شۆڕشگێڕییدا بە واتای ئەوە نییە کە ئیدی تۆ شۆڕشگێڕیت و هەموو تایبەتمەندییەکانی شۆڕشگێڕیت تێدا بەرجەستە بووە. شۆڕشگێڕێتی وەها نییە. شۆڕشگێڕێتی بیر و گووتە و کردارە بەیەکەوە، رۆحێکی چالاك و ویژدانێکی زیندووە. کەسێتی شۆڕشگێڕ تا ئەوکاتە شۆڕشگێڕە کە دەستبەرداری ئەو دینامیکە شۆڕشگێڕییەی خۆی نەبووە، کە رەخنە رەخنەدانە. لەراستیدا کرۆك و ماهییەتی شۆڕشگێڕێتی بۆخۆی بریتییە لە رەخنە و رەخنەدان. رەخنە و رەخنەدانیش لەبنچینەدا بریتییە لە هێنانە

کایەی باوەڕی، هیوا، بڕیار، ئیرادە و وزەی تێکۆشانی بەردەوام. هەروەها بریتییە لە جورئەت، دڵسۆزی و وەفاداری.

لەکاتێکدا شۆڕشگێڕێتی لێگەڕی حەقیقەت و ئەشقی ژیانی ئازادە، ئەگەر رەخنە و رەخنەدان نەبێتە بەرهەمهێنی کەسێتییەك کە رێبواری رێی گەیشتن بە حەقیقەت و ژیانی ئازاد بێت، ئەوا دیارە لە کرۆك و ماهییەتی خۆی ڤاڵا کراوە. هەر کاتێك فەلسەفەی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی لەسەر بنەمای رەخنە لە مێژوو و ئێستادا لەدایکبوو و پێشکەوت، هەروەها لەناواخنی خۆیشیدا پرۆژەی گۆڕان و وەرچەرخانی بنچینەیی پێبوو، ئەوا ئەوکاتە دەتوانرێ بە

فەلسەفەیەکی رەخنەگرانەی رادیکاڵ و ئایینـدەئامێز لەقەڵـەمی بـدەین. ئەگـەرنا رەخنـەی پـەنادیـواری ریفۆرمیسـتی و پاسڤیسـتانە ناتوانێـت رۆحـی شۆڕشـگێڕی بنوێنێت.

بێگومـــان رادیکـــاڵبوون بـــەواتای توندوتیژبوون نایەت و هیچ پەیوەندییەکی بە زەبروزەنـگ و توندوتیژخوازییـەوە نییـە. هـەروەها شۆڕشـیش لـە کرۆکـی خۆیـدا هەرچەنـدە تێکـدان و بونیادنانەوەیـە، پەیوەندییـەکی بونیـادیی بـە زەبروزەنـگ و توندوتیژخوازییەوە نییە، تەنانـەت لەبنەڕەتدا زەبروزەنگ بۆخۆی دۆخێکی دژە شۆڕشییە و شۆڕشـی چەواشـە یـان سیسـتەمە

دەسەڵاتدارێتییەکان پەرەی پێدەدەن. بەڵکو شۆڕشگێڕێتی ئەوەیە چەندە رەخنە لە مێژوو و ئێستای کۆمەڵگا و سیستەمی باڵادەست دەگریت، چەندە خاوەن پرۆژەیت بۆ گۆڕانی دۆخی هەنووکەیی و کردنەوەی دەروازە بە رووی داهاتوویێکی جیاوازتری باشتر؟! بۆیە توند رەخنەکردن بەواتای رادیکاڵبوون نایەت. بەڵکو بەواتای سەرەڕۆیی دێت. هەروەها توندوتیژخوازی بەواتای بەرپاکردنی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتیش نایەت. ئەمە وەهەم و خۆخەڵەتاندنێکی مەزنە و باشووری کوردستانی تێدا نغرۆ بووە.

هەڵبەتە وەك چۆن رەخنە گلەیی و گازاندە نییە، سکاڵا و شکاندنەوە نییە،

ئاوەهاش رەخنەدان کڕوزانەوە و پاڕانەوە نییە، خۆتاوانبارد یتنی بەردەوامیش نییە. هەروەها چەمکی "هەزار گوناح و یەك تۆبە"ش نییە. بۆیە لەکاتێکدا رەخنە بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکارییە، بۆ جوان دیتنی رەخنەلێگیراو و جوان هێشتنەوەیەتی، ئەوا رەخنەدانیش بۆ خستنەڕووی باوەڕییە بە پێشکەوتن و گۆڕانکاری، بۆ پێداگری بڕیاڕدەرانەیە لەسەر مانەوە بە جوانی و ئیرادەی جوانی هەر تاك و رێکخستن و کۆمەڵگایەك. کەواتە وەك چۆن رەخنەگرتن پێویستی بە باوەڕی و بڕیار و ئیرادە و هێزی رەخنەگرتن هەیە، ئەوا مسۆگەر رەخنەدانیش بۆخۆی خستنەڕووی ئەو باوەڕی و بڕیاڕ و ئیرادە و هێزەیە. بۆیە

کەسێتی شۆڕشگێڕ کەسێتییەکی گلەییکار و گازاندەکار نییە لە دەوربەرەکەی و بەرامبەرەکەیشی ناشکێنێتەوە، هەروەها خۆ ناخاتە دۆخی کڕوزانەوە و پاڕانەوە و خۆتاوانباردیتنی بەردەوام. بەڵکو هەمیشە لە دۆخی جوانکردنی بیر و گووتە و کرداریدا دەژیت و لەهەوڵی ئەوە دایە هەمان دۆخیش بۆ دەوروبەرەکەیشی بێنێتەدی. بۆیە رەخنە و رەخنەدان وەك دۆخێکی شۆڕشگێڕی بەردەوام پێچەوانەی دۆخی نەرگسییەت و لەخۆرازیبوون و فوو لەخۆکردنە.

بە پێچەوانەی کەسێتی شۆڕشگێڕ، دوو جۆرە کەسێتی تر هەن کە هەرگیز ئامادەنین نە رەخنە بگرن و نە رەخنەدانیش بدەن،

ئـــەوانیش کە ســـێتی دۆگماتیـــك و کە ســـێتی لومپە نن. ئـەو دوو جـۆرە کە سـێتییە هۆکـاری دۆگماتیکبوون و لومپە نبوونیشیان هەر ئەوە یە کـە کە سـێتییە کی رە خنـە گر و رە خنـە لـە خۆگر نیین.

کە ســـــێتی دۆگماتیــــك (چە قبە ســــتوو) کە سێتییە کی داخراوە، قاڵبـدارە، ئەزبەرە جیپە، رە ها گەرا و رە شبین و مەرگدۆسـت و تـا کڕەوە. مــەرگی خــۆی لــە رە خنــە گرتنی "ئــەو" و رە خنــــەدانی خۆیـــدا دە بینێـــت، کە ســـی ئە قڵداخراو پێی وایە هەموو ئەوەی ئەو بیـری لێدە کاتـەوە و دە یڵێـت و دە یکـات راسـت و رەوانــن و جێــی مشــتومڕ نــین، لــەوە همێکی کوشـــندەی وە هـــا دایـــە کـــە حە قیقە تـــە کان

هەمووی تەنیا لای ئەوە، ئەو خۆی لە کانزایەکی پیرۆز و خوداییەوە دروستبووە و قابیلی رەخنە و رەخنەدان نییە. هەمیشە خۆی راستبین و راستگۆ و راستبێژ و هەڵگری راستییەکان دەبینێت و باوەڕیشی وایە کە هەروایە و یەقینەکانیش هەر لای ئەون. خۆی لە جەهلێکی تێکچڕژاو(مرکب)دا دەژی، کەچی خۆی زۆر پێ زانا و دانایە و هەر نازانێ کە نازانێ و ئامادەش نییە دەستبەرداری ئەو جەهلە موڕەکەبەی خۆی ببێت. بێگومان دۆگماتیزم دووژمنی سەرسەختی رەخنە و رای جیاواز و خوێندنەوەی جیاوازە. بۆیە کەسێتی دۆگماتیك کەسێتییەکی ترسنۆکە بەرامبەر بە

رەخنــــە و رەخنـــەدان. فۆبیـــای رەخنـــە و رەخنەدانی هەیە.

کەسێتی دۆگماتیـك هـەر تـەنیا لەوانـە پێکنەهاتووە کە ئایینگەرایی و ئایینزاگەرایی و تەریقەتگــەرایین و دەمارگیرییــەکی زۆریــان بەرامبەر بە ئـایین و ئـایینزا و تەریقەتەکەیان هەیــە، بــەڵکو ئەوانــەش دەگرێتــەوە کــە دەمارگیرن بـۆ زانست، یـان بـۆ ئایدیۆلۆژیا و فیکــر و فــەلســەفەیەك، کــە پێــی وایــە حەقیقەتـەکان هـەمووی لای زانسـت یـان لای ئــەم ئایــدیۆلۆژیا یــان ئــەو ئایــدیۆلۆژیا و فەلسەفە دایە. ئەمە لەکاتێکدا خودی زانست، بانگەشەی دژە دۆگمایی (دژە چەقبەستوویی) دەکات، لەوانەیە ئەو ئایدیۆلۆژیا یان ئەو فیکر

و فەلسەفەیەی بە دۆگما کراوە لەبنەڕەتدا بانگەشەی دژایەتیکردنی دۆگماتیزمیش بکات.

ئەم کەسێتییە لە باشووردا مەترسیدارترین کەسێتیین و هەر کاتێك بتوانن لە ئاستی زیهنی، یان سیاسی یان کۆمەڵایەتیدا زاڵ ببن ئەوا دۆزەخێکی بێ ئامانی ئەوتۆ بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگاکان دێننەکایەوە، کە لە دۆزەخەکەی ناو کتێبە پیرۆزەکان زۆر مەترسیدارتر بێت. ئێستا لە باشووری کوردستاندا ئەو کەسێتییە وەك تارماییەك بە ئاسمانی کۆمەڵگادا دەسوڕێتەوە و ئەو گەرایانەی داینابوون تروکاندوویانە و ئیدی بە زمانی هەڕەشە ئامێز گووتارە دۆزەخییەکانیان پەرش و بەخش دەکەن.

کەسێتی لومپەن (خوێڕی - یان-سەرسەری)یش کەسێتییەکی تەواو بێباکە لەخۆی و لە دەوروبەرەکەی، بێباکە لە مێژوو و ئێستا و داهاتووی، بۆیە بێباکە لە رەخنە و رەخنەدانیش و لای لومپەنەکان بێ واتاترین شتی دونیا رەخنە و رەخنەدانە. بۆیە کەسێتییەکی ملهوڕە، توندوتیژخوازە و مادد یپەرست و رەمەکبازە، لەبەرامبەر بە لەخۆی بەهێزتردا کۆیلەیە و لەبەرامبەر لەخۆی لاوازتریشدا ئاغایە، نەرگسی و تاکگەرا و فوولەخۆکەرە. کاتێك کەسێتی لومپەن لە ئاستی زیهنی، یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی ببنە کەسێتی زاڵ و باو، ئەوا لەو کۆمەڵگایەدا هیچ شتێك نامێنێ ناوی بەها و جوانی و

ئافراندن و ڕێز و خۆشەویستی و بەیەکەوە ژیان و زبارەیی بێت. هەموو شتێك لە قاوخی بێباکی و چڵێسی و نەوسنی و مشەخۆریی لومپەنەکاندا دێت و دەچێت. ئەوەی لە باشووردا ئێستا تاك و کۆمەڵگا بەدەستیەوە دەناڵێنێت گەیشتنی ئەو کەسێتییە لومپەنەیە بە ئاستی حوکمڕانی و خاوەن دەسترۆیی و باڵادەستیی گشتگیردا.

لە کۆمەڵگایەکی سروشتیدا؛ کەسێتی شۆڕشگێڕی ئافرێنەری هەمیشە رەخنەگر و رەخنەدەر کەسێتییەکی نموونەیی و بەهادارە. بەڵام جێی کەسێتییە دۆگمایی و لومپەنەکان لەو کۆمەڵگایانەدا لە پەراوێزی تاریکی دان و تەنانەت جێیان پێ جێ نییە بەدەست

راسـتینەی تـاك و كۆمەڵگایـەكی رەخنـەگر و رەخنەدەردا. هەمیشە خەریكی خۆشاردنەوەی راستییەكانی خۆیانن و بـە پۆشـینی دەمامكی جیاواز جیاواز هەوڵدەدەن خۆ بە پەسـندكردن بدەن...!!

## -2-

## باشوور؛
## گۆڕستانی ڕەخنە و ڕەخنەدان

کێشــەی ئــەمڕۆی باشــووری کوردســتان لــەوەوە ســەرچاوە دەگرێــت کــەس ئامــادەی ڕەخنــە لــەخۆگرتن (ڕەخنــەدان) نییــە. بۆیــە هەرچی ڕەخنەیەکیش دەکرێت بێ ناوەڕۆك و بێواتا و بێکاریگەرە. ڕەخنەگرتن کاتێك بارگاوی نەبێ بە ڕەخنەدانێکی قـووڵ ئـەوا لـە قسـەی زبــر و تاوانبــارکردنی بەرامبــەر و هــەوڵی ریســواکردنی بەرامبــەر هیچــی دیکــە نییــە. ئەوکاتـە ڕەخنـەکان زیـاتر دەچنـە قـاڵبی خـۆ

رزگـاركرن و خـۆ بێتـاوان دەرخسـتن و خـۆ بێبەریكردن لەو كەموكوڕی و هەڵانەی كراون و دەكـرێن. نـەك بـۆ ئـەوەی راسـتییەكان بخاتەڕوو و رێگەی چارەسەری بئافرێنێت. لە باشووری كوردستاندا نەك هەر سەركردە و پارت و لایەنەكان رەخنەدان بۆ هیچ یەكێك لە كەموكوڕی و هەڵـە و خیانەتەكانیان نادەن و رەخنە لە خۆ ناگرن و لەو وەهمە دەرناچن كە هـەموو ئـەوەی بیریـان لێكردۆتـەوە و گووتوویانـە و كردوویانـە هـەمووی راسـت و باش و لە بەرژەوەندی گشتی دابـووە و هـیچ نەنگییەكی تیدا نییە - ئەمە لەكاتێكدا مرۆڤ ناتوانێ بۆ دەرمانیش راستی و باشییەك بۆ بەرژەوەنـدی گشـتی لـە بیـر و گووتـە و

کوردارياندا بدۆزێتەوە!! - تەنانەت ئەو پەتای رەخنەنەکردن و رەخنە لەخۆنەگرتنە سەرتاپای کۆمەڵگايشی تەنیوەتەوە. بێگومان نەبوونی رەخنەگرتن و رەخنە لەخۆگرتن سەرەتا مرۆڤ و رێکخستن و تەنانەت کۆمەڵگاکانیش بەرەو غەفڵەت دەبات، دواتر بەرەو تاوانباری و لە دواجاریشدا بەرەو خيانەتی دەبات. بۆیە ئاکامی ترسنۆکی و خۆبەدوورگرتن لە رەخنە و رەخنەدان غەفڵەت و تاوانباری و خيانەتی لێدەکەوێتەوە.

لە باشووردا لەبەر ئەوەی نەك هەر رەخنەدانێك بەرامبەر بە لايەنە رەش و کرێتەکانی مێژووی بزووتنەوەی کوردی نییە، تەنانەت رێگە بە سووکە رەخنەیەکیش

نادرێت. هەرچی هاتووە بە رەتکردنەوەی ئەوەی رابردوو هەوڵیداوە نوێبوونەوەیەک ئەنجام بدات و خۆی ببێتە سەرەتایەکی نوێ. بەڵام بێ ئەوەی رەخنەیەکی جددیی لە رابردوو هەبێت، ئەوەی هەوڵیشی دابێت بە رەخنە لەرابردوو و رەخنەی بەرلەخۆی دەستپێبکات، دوایی خۆیشی هەمان ئەو کەموکوڕی و هەڵانەی کردۆتەوە کە پێشتر گوایە رەخنەی لەوەی پێشەوەی خۆی گرتووە. واتا رەخنەکانی کرچ و کاڵ و بێ بنەمای فیکری بووە، رەخنەگرتنەکانی لە رابردوو نەبۆتە پرۆژە بۆ ئێستا و داهاتوو، بۆیە رەخنەکان زیاتر بۆ خۆ پاك نیشاندان و کرێت نیشاندانی بەرامبەر و خۆ باش نیشاندان و

خراپ نیشاندانی بەرامبەر بووە. لە ئەنجامیشدا نەك هەر ئەوەی رەخنەی گرتووە دووبارەی کردۆتەوە، تەنانەت ئەوانەیشی تێپەڕاندووە کە پێشتر رەخنەی کردوون. ئەمە تراژیکۆمیدی دۆخی رەخنەیە لە بزووتنەوەی "سیاسی - چەکداری" کوردیدا. بۆیە هەموویان لەیەکدی دەچن. ناکۆکی و شەڕەکانیان بەدرێژایی زیاتر لە نیو سەدەی رابردوو لەوەدا نییە کە لەیەکتر جیاوازن، بەڵکو لەوەدایە کە تەواو لەیەکتر دەچن. بۆیە شەڕی یەکتریان لەسەر ئەوەیە کە دەڵێن: "مادام من هەم و هەر لە تۆ دەچم و تۆش لە من دەچی، کەواتە تۆ بۆ هەیت؟ و دەبێ نەمێنیت." ئیدی

هەر یەکێکیان بەوەی دیکە دەڵێت؛ "بۆ ئەوەی من هەبم دەبێ تۆ نەبیت."

رەخنە و رەخنەدان نە وەك فەلسەفە و هزر، نە وەك هەڵوێست و کردار، نە وەك میکانیزم و نە وەك دینامیزم لە باشووردا لە ئارادا نییە. واتا رەخنە و رەخنەدان نەبۆتە فەرهەنگ و چاندی تاك و کۆمەڵگا. بۆیە نەبوونی رەخنە و رەخنەدان هۆکاری بنچینەیی گەندەڵییە، گەندەڵبوونیش بۆخۆی بۆگەنبوونە، زەڵکاوبوونە. ئەوەی ئێستا گەندەڵبووە هەر تەنیا دەسەڵاتدارێتی نییە، کە خۆی سروشتێکی گەندەڵیانەی هەیە و کرۆکی دەسەڵات کرۆکێکی گەندەڵە، بەڵکو کەسێتی و کۆمەڵگا بەهەموو پێکهاتە و جومگە و

په یوه‌ندی و به‌ها کانییه‌وه گه‌نده‌ڵ بووه یان برێکی زۆر گه‌نده‌ڵی به‌رکه‌وتووه. ئه‌وه‌ی نا ئاساییه ئه‌مه‌یه. ئه‌گه‌رنا خودی ده‌سه‌ڵات، جا هه‌ر ده‌سه‌ڵاتێك بێت، بۆخۆی واتا گه‌نده‌ڵی، سیسته‌می ده‌سه‌ڵاتدارێتی هه‌ر له‌ سه‌ره‌تای له‌دایکبوونییه‌وه، که‌ زێده‌بایی و قۆرخکاری زێده‌به‌رهه‌م سه‌رچاوه‌که‌یه‌تی، له‌سه‌ر بنه‌مای گه‌نده‌ڵی په‌یدابووه و نه‌ له‌ رابردوو و نه‌ له‌ ئێستا و نه‌ له‌ داهاتووشدا ناتوانرێت ده‌سه‌ڵاتدارێتی له‌ گه‌نده‌ڵی پاکبکرێته‌وه. چونکه‌ خۆی به‌رهه‌می گه‌نده‌ڵییه. له‌ کاتێکدا له‌نێو سیسته‌می کۆمه‌ڵایه‌تی هه‌ر کۆمه‌ڵگایه‌کدا که‌ دینامیکی ره‌خنه‌ و ره‌خنه‌دان به‌ پێوانه‌ی به‌ها ئه‌خلاقییه‌کان

تێکشکێنرا و ئیفلیج کرا، ئەوا ئیدی خودی کۆمەڵگاکە دەبێتە بەرهەمهێن و درێژەپێدەری سیستەمی دەسەڵاتدارێتی گەندەڵکار و مانەوەی بەردەوامی ئەو سیستەمە. ئیدی کە رەخنە و رەخنەدان لە باشووردا نەك هەر وەك دینامیك و هەڵوێست و کردار لە ئارادا نەبوو، تەنانەت وەك هزر و فەلسەفەی ژیانی کۆمەڵگاش لە ئارادا نەبوو، ئەوا دوو هزر و فەلسەفەی دیکە پەرەدەسێنن کە ئەویش دۆگماتیزم و لومپەنیزمە. بۆیە لە ئاکامدا دوو کەسێتی هەرە بەرچاو و باو و باڵادەست لە باشووردا کەسێتی دۆگماتیك و کەسێتی لومپەنێتییە. ئێستا کولتوور و نەریتی دۆگماتیزم و لومپەنیزم لە برەو دایە و گەشە

دەسێنێت. لەلاتان سەیر نەبێ، هونەرمەندی لومپــەن، شــاعیری لومپــەن، رۆژنامــەوانی لومپەن، سەرکردە و سیاسەتمەداری لومپەن، حـزب و رێکخسـتن و بزووتنـەوەی لومپـەن، گــەنجی لومپــەن، ژنــی لومپــەن، مــەلای لومپەن..... تا دەگاتە دەسەڵاتێکی لومپەن تا دێـــت گەشـــە دەســـەنن. لەبەرامبەریشـــدا بەهەمان شێوە بۆ کەسێتی دۆگمایـیش هـەر راستە و ئیدی لە برەودایە.

بــە مســۆگەرییەوە دەڵــێم؛ دەســەڵاتی باشـوور دەسـەڵاتێکی لومپەنـە (خوێرییـە) و ئایدیۆلۆژیاکەیشی لومپەنیزمە. چونکە ئـەوەی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە خـاوەن کەسێتییەکی لومپەنێتییە و بە کولتووری لومپەنیزم گەورە

بووە. بۆیە هیچ بەهایەکی بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا، چاند و هونەر، بەها ئەخلاقی و مرۆییەکان نییە. ئەوەی دەسەڵاتداریّتی لومپەنێتی باشوور لە زۆرێك لە دەسەڵاتدارەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە گەندەڵێتی دەسەڵاتداری گەیاندۆتە ئاستی تاڵانکاری. تاڵانکاریش بۆخۆی دوا قۆناخ و لوتکەی هەموو جۆرە گەندەڵییەکە. ئەمەش بەبێ لەدایکبوونی کەسێتییەکی شۆڕشگێر و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی رادیکاڵی لەناو جەماوەردا ئەوا بەلاوەنانی ئەو دەسەڵاتە لومپەنەی کە کەسێتییە دۆگماتیکەکان پشتیوانی لە مانەوەی دەکەن، زۆر ئەستەم و دژوار دەبێت.

## (3)

## وەهمی شۆڕش - شۆڕشگێڕی

لە راستیدا ئەوەی لەسەرە تاوە دەبێ - لە باشووردا بە تایبەت - بەررەخنەی هەمەلایەنە بدرێت و سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە؛ چەمکی شۆڕشە. لەو باوەڕەدام کە بەبێ رەخنە و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکی شۆڕش، ئەوا بەرپاکردنی شۆڕشێکی "زیهنی - کولتووری - کۆمەڵایەتی - سیاسی" زۆر ئەستەمە. چونکە هیچ چەمکێك و کودەیەك هێندەی چەمك و کودەی شۆڕش لە باشووردا چەواشە نەکراوە و ئەوەی بەناوی شۆڕشیشەوە بەڕێوەچووە لە بنەڕەتدا دژە شۆڕش بووە، شۆڕشی چەواشە بووە، شۆڕشی

ساختە بووە، نەك شۆڕش بە واتا جەوهەرییەکەی. بە ناوی شۆڕشەوە؛ دەرفەت و زەمینەکانی چەندین شۆڕشیان زیندەبەچاڵ کردووە و کەسێتی ساختەی شۆڕشگێریان وەك شۆڕشگێری هەقیقی دەرخستۆتە پێش. هەر بە ناوی شۆڕشەوە وەهمێکی کوشندە زیهن و خەیاڵی مرۆڤی کوردی تەنیوەتەوە، وەهمێك پێی وایە هەموو ئەو راپەڕین و یاخیبوون و بزووتنەوە چەکداریانەی بەرپابوونە ئەوا شۆڕش بوونە و بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان و بە مەبەستی بەدیهێنانی ئازادی و ئامانجەکانی دیکەی گەل و داخوازییەکانی بووە. ئەمە لەکاتێکدا هیچ یەکێك لەو ئامانجە

خوازراوانەی لێنەکەوتۆتەوە. بێگومان وەهمی شـــــۆڕش لەگـــــەڵ خۆیـــــدا وەهمـــــی شۆڕشگێڕبوونیشی هێناوە. لێرەوە دەکرێ ئەوە بپرسین؛ ئـەوەی بـەناوی شۆڕشـەوە روویـداوە چـی بـووە؟ ئەوەی بـە نـاوی شۆڕشـگێڕییەوە خۆی نمایش کردووە کێ بوو؟

ئەگەر شۆڕش بە پێناسە سادەکەی بریتییە لە کردەی ئافرانـدنی "بـاوەڕی، هیـوا، ئیـرادە، وزە و هێـزی تێکۆشـان بـۆ ئـازادی و ژیـانێکی باشـتری گـەل و کۆمـەڵگا" ئـەوا لـە باشـووردا؛ لـەدوای هـەر جموجۆڵێـك کـە پێـی گـووتراوە "شۆڕش" نەك هەر ئازادی و ئەو ژیانە باشترەی بـۆ گـەل و کۆمـەڵگا نەهێناوەتـە دی، بـەڵکو باوەڕی و هیوا بە ژیانێکی وەها، ئیـرادە و وزە

و هێزێکی ئەوتۆشی بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی وەها، تا هاتووە کزتر و کەمتر کردووە. کوشندەیی دۆخەکە لەوە دایە کە باوەڕی و هیوا و خەون و خەیاڵێکی مەزنی دەیان ساڵەی کۆمەڵگایەك بە وەهمێکەوە هەڵواسراوە کە ڕێك کوژەری باوەڕی و هیوا و خەون و خەیاڵە مەزنەکان بووە، وەهمێك هەر جارە و بە دەمامکێکی پیرۆزەوە خۆی لە سەر دەپ (سەکۆ)ی جەستە و ڕۆحی قوربانییەکاندا نمایش کردووە، سەرکێش و سەرانی ئەو وەهمە ئەوەندەی لە هەوڵی خۆ پیرۆزکردن و خۆ گشتگیرکردن و خۆ ئەبەدیکردن دابوونە، ئەوەندە هەڵگری ئەو باوەڕی و هیوا و خەون و خەیاڵە نەبوونە

کەوا پێیاندا هەڵواسراوە. ئەوەندەی مرخیان بۆ دەسەڵات و بەدەستهێنانی بەشە دەسەڵاتی زیاتریان خۆشکردووە، ئەوەندە لەپێناو ئازادی و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی گەلە ستەمدیدەکەیاندا نەبوونە. بۆ مەگەر ئەوانە خاوەن هزری شۆڕشگێڕی بوون؟ کێ بوون ئەوانەی سەرکیشی ئەو وەهمە بوون؟ ماهییەتی چینایەتییان چی بوو؟.

لێرەدا گرفتی بنچینەیی ئەوەیە؛ کاتێك هزری شۆڕشگێڕی لە هەر بزووتنەوە و جموجۆڵێکدا نەبێت ئەوا شۆڕش و کردەی شۆڕشگێڕی و کەسێتی شۆڕشگێڕی و دەسکەوتی شۆڕشگێڕی و کولتووری شۆڕشگێڕی و ئەنجامی شۆڕشگێڕانەش

بەدینایەت. بۆیە کە هزری شۆڕشگێڕی بزربوو، ئەوا هەرچی بەناوی شۆڕش و شۆڕشگێڕییەوە دەکرێ دژە شۆڕشە و ساختەیە و بۆ لەباربردنی زەمینەی خودی شۆڕشە و بۆزەبر وەشاندنە لە خودی شۆڕش.

هزری شۆڕشگێڕی چییە؟ بەرهەمی مەتۆدێکی شۆڕشگێڕانەیە و بریتییە لە کۆمەڵێك چەمك و لۆژیك و روانینی شۆڕشگێڕانە بۆ دۆخی مێژوو و ئێستا و داهاتوو. مەتۆدی شۆڕشگێڕانە چییە؟ ئەو رێگا و رێبازەیە کە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕییەی کەوا؛ گۆڕین و وەرچەرخانی ریشەیی بۆ دۆخی هەیی، پێویستییەکی ژیانییە و ئەگەر نەبێت نابێت، بۆیە دەبێت دۆخێکی دیکەی

ئەلتەرناتیف بخوڵقێنرێت. ئەو مەتۆدەیە کە تیۆری شۆڕش بەرپاکردن دێنێتە کایەوە.

ستووندەکانی تیۆری شۆڕش چیین؟ بەر لە هەموو شتێك هزری رەخنەیی ستوندێکی بنچینەیی تیۆری شۆڕشە. رەخنە لە چی؟ رەخنە لە مێژوو، رەخنە لە دۆخی ئێستا. هەروەها ستووندی دووەمی تیۆری شۆڕشگێری خستنەڕوو (تەرحکردن)ی ئەلتەرناتیفی شۆڕشگێڕانەیە، کە ژیانێکی ئازادە و هەمیشە لە گۆڕین و پێشکەوتن دایە. ستووندی سێیەمی تیۆری شۆڕشگێڕانە بونیادنانی کەسێتییەکی شۆڕشگێڕانەیە کە کەسێتی ئازادە. ستووندی چوارەمی تیۆری شۆڕشگێڕانە خستنەڕووی میکانیزمی

وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانەیە، کە ڕێکخستەبوونە. بەهەر چوار ستووندەیەکەوە کردە (پرۆسە)ی شۆڕشگێڕانە دەخولقێت و پەرەدەسێنێت. مسۆگەر بەبێ هزری ڕەخنەیی، ئەلتەرناتیفی شۆڕشگێڕی، کەسێتی شۆڕشگێڕی و میکانیزمی شۆڕشگێڕی، ئەوا بەرپابوونی شۆڕش کردەیەکی ئەستەمە. بزربوونی یەکێك لەو چوار ستووندە کردەی شۆڕشگێڕی نیوەچڵ و سەقەت و نەزۆك دەبێت.

ئێستا با بپرسین؛ لە سەدەی ڕابردووەوە تا ئێستا؛ ئایا ئێمە خاوەن هزری شۆڕشگێڕی و مەتۆدی شۆڕشگێڕانە بووین؟ ئایا تا چەند ئەو چوار ستووندەی تیۆری شۆڕشگێڕی لە جموجۆڵ و بزووتنەوە سیاسی و

کۆمەڵایەتییەکانماندا هەبووە؟ کوا تیۆری شۆڕشگێڕیمان؟ کوا هزری رەخنەییمان؟ کوا پرۆژە و ئەلتەرناتیڤە شۆڕشگێڕییەکانمان؟ کوا کەسێتی شۆڕشگێڕیمان؟ کوا میکانیزمی شۆڕشگێڕیمان؟.

ئەگەر لەو ئەدەبیاتە قووڵ ببینەوە کە بە "ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی" ناسراوە، ئەوا مرۆڤ یەکسەر ئەو راستییەی بۆ روونەبێتەوە کە چ وێنایەکی بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی ئافراندووە، وێنایەکی پڕ لە هێزی بازوو و جەستە، بارگاوی بە توندوتیژی، زەبروزەنگی قەبای بۆ شۆڕش و شۆڕشگێرانی بەرجەستە کردووە. بەڵام ئەو ئەدەبیاتە خۆی نەبۆتە چاوگی هێزی گۆڕینی زیهنی و بەرپابوونی

شۆڕشی زیهنی. مسۆگەر ئەوەی بۆ ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی دەستنیشانم کرد بۆ "هونەری شۆڕشگێڕی"ش هەمان راستینە بەرچاو دەکەوێت. لە خۆڕا نییە کە لە ئەدەبیات و هونەری شۆڕشگێڕیدا ئەوەندەی شۆڕشگێڕ بە ئاژەڵەکانی وەك "شێر و پڵنگ و ئەسپ" چوێندراوە ئەوەندە بە خودی شۆڕشگێڕ خۆی نەناسراوە. تەنانەت کاتێك مرۆڤ بیر لە شۆڕشگێڕ دەکاتەوە یەکسەر ئەو ئاژەڵانەی دێتەوە یاد، کاتێك بیر لە یەکێك لەو ئاژەڵانەش دەکەینەوە ئەوا یەکسەر وێنای شۆڕشگێڕمان دێتەوە یاد!!.

بەڵام لەم وێنایەدا پرۆسەیەك بۆ هوشیارکردنەوە و وەرچەرخانی زیهنی

بەشێوەیەکی زۆر لاواز دەبینین. لە حیکایەت و داستانەکانی نێو شیعر و چیرۆك و رۆمان و تابلۆ و شانۆییەکاندا تۆمارێکی بەرجەستەی ئەو وێنایە دەبینین کە بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕییان کردووە. لەو وێنایەدا تەنیا "پیاوی شۆڕشگێڕ" لەو ئەدەبیات و هونەرەدا دەبینرێت. بەڵام وێنای "ژنە شۆڕشگێڕ" وەك تارماییەکی دووری لەڕ و قوربانی دەبینرێت. هەروەها لە ئەدەبیات و هونەری شۆڕشگێڕیدا هەمیشە وێنایەکی خوێناوی بۆ شۆڕش نەخشێنراوە و وا نیشاندراوە کە شۆڕش واتا چەك و خوێن و قوربانی، بێئاگا لەوەی شۆڕش بۆخۆی بەرهەمی هزری شۆڕشگێڕییە، نەك چەك و خوێن.

هەروەها لە ئەدەبیاتی سیاسیشدا وا پێناسەی شۆڕش کراوە کە بریتییە لە تێکۆشانی چەکداری و بەکارهێنانی زەبروزەنگ لەبەرامبەر بە دووژمن و داگیرکاران. چڕکردنەوەی شۆڕش هەر تەنیا لە تێکۆشانی چەکداری و قەتیس هێشتنەوەی تەنیا لە زەبروزەنگدا وایکردووە گۆڕینی زیهنی و مەتۆدی شۆڕشگێڕانە بۆ بیرکردنەوە و رەفتارکردن، هەروەها گرتنەبەری شێوازەکانی دیکەی تێکۆشانی ئازادی بە پێویست نەبینێت. ئەمە لەکاتێکدا؛ لەدەرەوەی مافی بەرگری رەوادا بەکارهێنانی چەك و زەبروزەنگ، شۆڕش بە ئاقاری چەواشەکاری و دژبوونەوەی جەوهەری خۆی دەبات. چەك و زەبروزەنگ

بەتەنیا ناتوانن پێویستییەکان و ئامانجەکانی شۆڕش بێننەدی. بەتەنیا ناتوانن دۆخی شۆڕشگێڕی، کولتووری شۆڕشگێڕی، ڕێکخستنی شۆڕشگێڕ، کەسێتی شۆڕشگێڕ، گۆڕین و وەرچەرخانی شۆڕشگێڕانە بخوڵقێنن.

وەکو دیارە؛ سادەکردنەوە و چڕکردنەوەی شۆڕش تەنیا لە بزووتنەوە و جموجۆڵی چەکداری و تێکۆشانی توندوتیژخوازیدا؛ لەلایەك ئەمە بۆخۆی دەرفەتی وەرچەرخانی زیهنی و هوشیاری کۆمەڵایەتی لاواز و بێبایەخ کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتی چالاکی و تێکۆشانی مەدەنی و جەماوەریانە، بەهەر سێ جۆرەکانییەوە (چالاکی پاسیف، چالاکی بەکاریگەر، چالاکی یاخیبوونی

مەدەنی) تا دواڕادە بەرتەسك كردۆتەوە. لەم دوو خاڵەش كوشندەتر ئەوەیە كە شۆڕش و توندوتیژی وەك دوو ناوی یەك شت بینراون.

بۆ ئەوەی لەم ڕووەوە هەڵە تێگەیشتنێك دروست نەبێ، پێویستە ئەو خاڵە بخەینەڕوو كە گرتنەبەری شێوازی توندوتیژی و بەكارهێنانی چەك لە شۆڕشەكاندا بۆتە سیمایەكی گشتی هەموو شۆڕشەكان، بەڵام ئەمە چەندە زوو دەستكەوتەكانی بەدیهێنابێت، ئەوەندەش زوو بە ئاراستەی دیكتاتۆری و ستەمكاری بردووە. هەر كاتێك گرتنەبەری شێوازی زەبروزەنگ و بەكارهێنانی چەك تا ئەو كاتە ڕەوایە كە لەچوارچێوەیەكی لۆژیكی بەرگریكاری و بەرەنگاربوونەوەدا

بێت. ئەگەرنا زەبروزەنگ و بەکارهێنانی چەك ببێتە تاکە رێگای شۆڕش بەرپاکردن و هەموو شۆڕشگێڕێتی لە زەبروزەنگ و چەکدا گوزارشتی لێبکرێت، ئەوا بەلارێدابردنی خودی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتییە. چونکە بنەمای هەموو شۆڕشێکی هەقیقی لە بنچینەدا گۆڕینی تاك و کۆمەڵگایە لەڕووی زیهنی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە.

بێگومان بەرگری رەواش بە هەر سێ قۆناخ و ئاستییەوە لە کات و شوێنی پێویست و گونجاودا پەیڕەو دەکرێت کە بریتیین لە "بەرگری رەوای ناکاریگەر (پاسیڤ)، بەرگری رەوای چالاك، بەرگری رەوای سەرتاپاگیر (شەڕی شۆڕشگێڕی گەل)" هەر یەکەیان

پێداویستی و ئەرك و ڕۆڵی خۆیان هەیە و لەیەکتر جیاوازن و لە دۆخی جیاوازدا دەچنە بواری پێکهێنانەوە.

زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کە؛ ئەوەی سەرکێشی ئەو بزووتنەوە و جموجۆڵە یاخیگەری و چەکداریانەی کردووە و یەکسەر، بەبێ هزری شۆڕشگێڕی، پەنای بۆ چەك بردووە چینی باڵادەستی کوردستان و زۆر بە دیاریکراویش چینی باڵادەستی کورد بووە. چونکە تەوەر و بیانوو و ئامانجی جموجۆڵەکانی ئەو چینە گەیشتن بە دەسەڵات و دەسەڵاتخوازی زیاتر بووە. ئەم چینە بە سروشت و ماهییەتی خۆی چینێکی مشەخۆر، ستەمکار، وابەستە بەدەرەوە، گەندەڵ،

كۆنه‌په‌رست و توندوتیژخواز بووه. كاتێكیش گه‌لی سته‌مدیده (چینه ژێرده‌سته‌كان) به ئامانجی گه‌یشتن به ئازادی و مافه‌كانی دیكه‌یان وه‌همداربوونه و به لێشاو چوونه‌ته ریزی ئه‌و بزووتنه‌وه‌یه و جموجۆڵه‌كانیانه‌وه، ئه‌وا كه‌مێك ره‌نگ و قه‌باره‌ی ئه‌و بزووتنه‌وه و جموجۆڵانه‌یان گۆڕیوه، به‌ڵام هیچ كات ناوه‌رۆك و ماهییه‌ته‌كه‌یان نه‌گۆڕیوه و دواجار ئاكامی هه‌موو ئه‌و بزووتنه‌وه و جموجۆڵانه هه‌ر پابه‌ند به به‌رژه‌وه‌ندییه‌كانی چینه باڵاده‌سته‌كه‌ی كوردستان شكاوه‌ته‌وه و ئاوی له ئاشی ئه‌وان كردووه.

مسۆگه‌ر چینی باڵاده‌ست هه‌رچییه‌ك بكات ته‌نیا له‌پێناو مانه‌وه یان زیاتركردنی

هەژموون و باڵادەستێتی خۆی دەیکات، جا چ لە دەسەڵاتدا بێت یان لە دۆخی ئۆپۆزسیۆنی و دژبەری دەسەڵاتدا بێت. چینی باڵادەستی کوردیش هەمان سروشتی هەیە و زیاتریش. بۆیە ئەو چینە نەك هەر شۆڕشی نەکردووە و نایکات، بەڵکو هەرچی زەمینە و دەرفەتی شۆڕشگێڕیش هەبووە لەباریبردووە، هەرچی مەیل و هەست و هوشیاری شۆڕشگێڕی هەبووە هەوڵی لاوازکردن و سڕینەوەی داوە، تەنانەت هەرچی کەسێتییەك یان رێکخستنێك، کە هەندێك تایبەتمەندێتی شۆڕشگێڕێتیان هەبووبێ، هەوڵی لەناوبردنی داون.

لەمەش کوشندەتر ئەو چینە لە باشووردا لە شستەکانەوە ئیدی تەنیا وەك چینێکی

نـاڕازی لـەوەی لـە دەسـەڵاتدارێتی ئێراقـدا پەراوێزخراوە یان کەمی بەرکەوتووە، دەرچووە و بۆتـــە ئـــامراز و دەســـکەلای دەســـتی داگیرکـەرانی کوردسـتان و زلهێزانـی جیهـان و لەوکاتەوە تا ئێستا ئەو چینە هیچ نییە جگە لە بازرگانانی دۆزی گەلەکەی خۆیان و تاڵانکاری وڵاتەکەیان.

## (4)

## پەتاکانی شۆڕش - دۆگماتیزم و لومپەنیزم

دەکرێ کەمێك باس لە کرۆکی ئەقڵییەتی ئەو بزووتنەوە و جموجۆڵانە بکەین کەوا بانگەشەی هەڵگیرساندنی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتیان کردووە و تا چەندە گیرۆدەی پەتاکانی دۆگماتیزم و لومپەنیزم بوونەتەوە. بێگومان لە دۆگماتیزم و لومپەنیزمدا هزری شۆڕشگێڕی نییە، بەڵکو دژە شۆڕشی هەیە. کوشندەیی هەر بزووتنەوەیەکی بانگەشەکاری شۆڕش لەوەدا دەستپێدەکات کە پەتاکانی دۆگماتیزم و لومپەنیزمی تیدا گەرا بکات. ئەمە دەبێتە مەرگی هەر بزووتنەوەیەك. ئەم

راستینه یه بۆ كه سێتییه كیش هه ر راسته. كه سێتی دۆگمایی و كه سێتی لومپه نیست به و ئه قڵییه ته ی هه یانه، ئه گه ر به پرۆسه یه كی گۆڕین و وه رچه رخاندنی كه سێتییان به ره و كه سێتییه كی شۆڕشگێڕی تێپه ڕنه بێت، ئه وا نه ك هه ر ناتوانن ببنه شۆڕشگێڕێكی سه ركه وتوو، به ڵكو ده بنه به ڵای مه زنی ناو شۆڕشه كانیش.

وه كو دیاره دۆگماتیزم خۆی خزاندۆته ناو هه موو كونج و كه له به ره كانی زیهنییه تی ئه و بزووتنه وانه ی بانگه شه ی به رپاكردنی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتیان كردووه، بزووتنه وه كانی نه ته وه په رستی سه ره تایی، چه په كان، ئێستاش ئیسلامییه ده سه ڵاتخوازه كان هه موو

جموجۆڵێکیان غەرقی دۆگماتیزم بووە. کەسێتی دۆگمایی جموجۆڵە شۆڕشگێڕییەکان وشك دەکات.

دۆگماتیزم (چەقبەستوویی) چییە؟ ئەقڵییەتێکی حەتمەتییە تگەرایە و رەتکردنەوەی رەها و پەسندکردنی رەها و خۆناوەندیتی بەبنەما وەردەگرێت و دژی رێساکانی دیالیکتیکە. لە گەوهەری دۆگماتیزمدا؛ دەمارگیری، خۆسەپاندن، قەدەرگەرایی، پۆلینی دووانەیی (یان رەش یان سپی)، رەهاگەرایی، قاڵبگەرایی هەیە و کۆڵەگە سەرەکییەکانی پێکدێنن. لەناواخنی هەر کەسێتی و رێکخستن و کۆمەڵگایەکی دۆگماییدا، جا ئەو کەسێتی و رێکخستن و

کۆمەڵگا دۆگماکراوە، ئاییندار بێت یان نەبێت، مەتۆدی ئوسوڵگەرایی و سەلەفییەتگەرایی و گەڕانەوە بۆ "شکۆدارییەکان"ی رابردوو هەیە. کەسێتی دۆگمایی کەسێتییەکی ناسروشتییە و دەردەدار و گرفتارە. چونکە پێشکەوتن و گەشەسەندن پەسند ناکات و لەهەوڵی کوشتن یان بڵێین راوەستاندنی ئەو دوو رێسا دیالیکتیکیە دەدات. ئەو هەوڵە کوشندەیەی کەسێتی دۆگمایی هەر تەنیا لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ناخی خۆیدا نییە، بەڵکو هەوڵدەدات بەسەر دەوروبەر و کۆمەڵگاکەیشیدا بیسەپێنێ و تەنانەت ژیان رابوەستێنێت یان بیگەڕێنێتەوە دواوە و بۆ رابردووی دوور پەلکێشی بکات.

یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەو دۆگماتیزمەی هەژموونی خۆی بەسەر بزووتنەوەکاندا کێشاوە؛ ئەو وەهمە شۆڕشگێڕییە خوڵقێنراوەیە کە لە لوتکەدا لە "وەهمی پیرۆزییەکان"دا خۆی بەرجەستە کردووە، وەهمی پیرۆزییەکان یەکێك لە کوشندەترین وەهمەکانی دەرهاویشتەی وەهمی شۆڕش-شۆڕشگێڕیین. لەو وەهمەدا؛ پیرۆزیی بە باڵای حزب و ڕێکخراوەکانی، سەرکردە و داروەدەستەکانی، بنەماڵە و موڵکەکانیدا کراوە. ئەو بزووتنەوانە خۆیان بە ناوەندی هەموو هەقیقەتەکان زانیوە و وەك ئەوەی ڕەوایەتی تێکۆشان و شۆڕش و شۆڕشگێڕی هەر تەنیا لای ئەوانە. ئەم لۆژیکە دۆگماییە ملهوڕییەکی

ئەوتۆی لەگەڵ خۆیدا هێناوە کە شەڕی دەیان ساڵەی نێوان ڕەوتەکانی ناو بزووتنەوەی سیاسی - چەکداری لێبکەوێتەوە، دەیان ئینشیقاق و پارچەبوونی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکانی دۆگماتیزم دەسەڵاتخوازێتییە. دەسەڵاتخوازێتی لە ڕۆحی گشت بزووتنەوە سیاسییە - چەکدارییەکاندا هەیە. لەپێناو گەیشتن بە دەسەڵاتدارێتی و لە ئانی گەیشتنیشیاندا لەپێناو مانەوە و قۆرخکاری زیاتردا هەرچییەکیان هاتبێتە پێش بێباکانە کردوویانە و ئیدی سڵیان لە هیچ نەکردۆتەوە.

لومپەنیزمیش وەك پەتایەکی دیکەی ناو بزووتنەوە سیاسییە چەکدارییەکان، تا هاتووە،

لــە بیرکردنــەوە و رەفتــار و هەڵوێســتیاندا چەکەرەی کردووە. لومپەنیزم چییە؟ لومپەنیزم ئەقڵییەتێکی نهێلیستی تاکگەرای رەمەکبازی دابڕاو لە پرۆسەی جڤاکبوونە. لومپەنیزم بە سروشتی خۆی بایەخ بۆ هیچ بەهایەکی مرۆیی - جڤاکی دانانێت و ئازادی لە بەرەڵلایی تاکرەویدا دەبینێت و گاڵتەی بە هەموو بەهایەکی مرۆیی دێت. لە بنچینەدا لومپەنیزم کارەکتەر و ڤیریسۆنێکی زیهنی لیبرالیزمە. لومپەنەکانیش سەرەتا لە سێبەری دەسەڵاتدا خۆ دەنوێنن و هەر کاتێك گەیشتنە دەسەڵاتیش هەر چی بەهای کۆمەڵگا هەیە بێباکانە دەیخەنە بەر رەشەبای تاڵانکارییەوە.

کاتێك لومپەنیزم وەك چەمك و لۆژیك و کولتوور و کەسێتی لە ناو بزووتنەوەیەکدا باڵادەست دەبێ، ئیدی ئەو بزووتنەوەیە لە راستەڕێی خۆی لادەدات و بەرەو زەلکاوی پووچگەرایی و گەندەڵیتی و بێبەهایی دەڕوات. بزووتنەوە سیاسییەکانی باشوور، بەهۆی هەژارییان لە هزری شۆڕشگێڕی و نەبوونی دیسپلین و ڕێکخستەبووندا، لە ماوەیەکی کورتدا پەتای لومپەنیزم لەناویاندا تەشەنەی کردووە. ئیدی کولتووری لومپەنێتی بەسەریاندا زاڵبووە و کەسێتی لومپەن بەئاسانی باڵادەستێتی خۆی بەسەر ئەو بزووتنەوە و ڕێکخستنەدا دەسەپێنێ و هیچ شتیك ڕێگیری لێناکات. ئیدی لەو ڕێکخستن و

بزووتنەوە یەدا کە سێتی لومپەن لە هەموو بوارە کاندا دە بێتە مۆدێل و نموونە (نموذج)ی چاولێکراو و پەیڕەوکراو.

ئەگەر دۆخی ئەمڕۆی کۆمەڵگا و تاکی باشوور بە گشتی و دۆخی حزب و لایەنە دەسەڵاتدارەکان و ئەوانەش کە لە سێبەری دەسەڵاتدا بازرگانی بە سیاسەت و گەل و وڵاتەوە دەکەن بە تایبەتی، هەڵسەنگێنین، ئەوا بە روونی باڵادەستی و هەژموونی ئەقڵییەت و کولتووری لومپەنیزم لە پاڵ ئەقڵییەت و کولتووری دۆگماتیزمدا دەبینین. لە بنچینەدا سیستەمی دەسەڵاتداریّتی باشوور ئاوێتەیەکی سیاسەتی دۆگمایی و لومپەنێتییە و بەرهەمی دۆگماتیزم و لومپەنیزمە.

بێگومان لە رووکاردا کەسێتی لومپەن وەك یاخیبووێك لە نەریتی کۆمەڵگا خۆی نمایش دەکات، بەڵام لە بنچینەدا یاخییە لە بەها کۆمەڵایەتییە جوانەکانی کۆمەڵگا، زیاتر رەمەکبازیی تاکڕەوییانەی خۆی و پابەندنەبوونی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەو ئاقارە ئاراستەگیری دەکات. لێرەوە پێویست دەکات پەیوەندی و جیاوازی نێوان یاخیبوون و شۆڕشگێڕێتی ببینین. مسۆگەر یاخیبوون یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شۆڕشگێڕێتییە، چونکە لە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و کۆمەڵگای باو یاخی دەبێت، بەڵام شۆڕشگێڕێتی تەنیا لە

یاخیبووندا چڕ نابێتەوە و هەموو یاخیبوونێکیش شۆڕشگێڕێتی نییە.

کەواتە لکاندنی شۆڕشگێڕێتی بە یاخیبوونەوە وێنای چ کەسێتییەکی ئافراندووە؟ ئەوەی دەبینرێت لەپشت ئەو وێناکردنەی شۆڕشگێڕییدا، کە تەنیا یاخیگیرە و بەس، کەسێتییەکی لومپەن دەبینرێت. لومپەنیزم لە گەوهەردا بەرجەستەی کەسێتییەکی زەبروزەنگخوازە و ئەوەندەی هێزی ماسولکەکانی دەجوڵێت ئەوەندە خانەکانی مێشکی ناجوڵێت. پێم وایە کوشندەترین دۆخی شۆڕشگێڕێتی ساختە ئەو دۆخەیە کە کەسێتی لومپەن بەرجەستەی کردووە و

لومپـــــەنیزمیش دەبێتـــــەئایـــــدیۆلۆژیا شۆڕشگێڕییەکەی!!.

## (5)
## ڕەوتەکانی دژە شۆڕش – ئاشبەتاڵی و تاڵانی

مسۆگەر لە پێناو قەڵەمبازێکی شۆڕشگێڕانەدا پێویستە ئەو مێژووەی بەناوی شۆڕشەوە تۆمارکراوە بەر ڕەخنەی هەمەلایەنە بدرێت و ئەو سەرابەی بەناوی شۆڕشەوە خۆی نمایش کردووە بڕەوێنرێتەوە، ئەو سیحرەی لە خۆی ئاڵاندبوو لێی داماڵرێت و رووت و رەجاڵ بکرێت. بۆیە لێرەدا زۆر بە پووختی ئەو کردەی رەواندنەوە و داماڵینەی "مێژووی شۆڕش" دەخەینەڕوو.

ئەگەر بزووتنەوە چەکداری و سیاسییەکانی باشوور، لە سەدەی بیستەمەوە

تا رۆژی ئەمڕۆ، پۆلین بکەین، ئەوا دەتوانین لــە رووکــاردا وەهـــا پۆلینیـــان بکـــەین: "میللیگــەرایی ســەرەتایی، چــەپی کلاســیك، ئیسلامی سیاسی، لیبرالیزمی پاوانخواز" ئەو پۆلینە پۆلینکردنی رەوتەکانی ناو بزووتنەوەی سیاسی و چەکداری باشوورە. بەڵام کامەیان نغرۆ نەبوونە لە دۆگماتیزم؟! ئەوەی ئەوانەی خولقانـــدووە و لەســـەرپێی راگرتـــوون و گەیاندوونی بە دەسەڵات خودی دۆگماتیزمە. ئەو رەوتانە نەك هەر بانگەشەکانیان بۆ شـــۆڕش بـــەرپاکردن و شۆڕشـــگێڕێتی خەڵەتاندنێکی گەورە بوون، بەڵکو خۆشیان بوونەتـــە رەوتـــی دژەشۆڕشـــی و شۆڕشـــی چەواشــە. بــە ئەقڵییــەتی دۆگمایــی و بــە

تایبەتمەندێتی قەڵمڕەوێتی و دەسەڵاتخوازێتی چینی باڵادەستی کورد چۆن شۆڕش بەرپا دەکرێ و چۆن دەتوانن بین بە شۆڕشگێڕ؟!.

میللیگەرای سەرەتایی(یان نەتەوەپەرستی سەرەتایی) خاوەن ئەقڵییەتێکی دۆگمایی نەتەوەپەرستیی بەرتەسك و دەمارگیری دژە شۆڕشە (کە بە کوردایەتی ناسراوە) و لەبنچینەدا ئایدیۆلۆژیای چینی باڵادەستی کوردە (باڵە دەرەبەگ و کۆمپرادۆرەکەی). هەر کاتێك لەسەر بەشە دەسەڵات ناکۆکی لەگەڵ دەسەڵاتدارێتی ناوەندی ئێراقدا هەبووبێت، یان هەر کاتێك هێزە دەرەکییەکان لەهەوڵی پیلاندا بن دژ بە گەلانی ئێراق ئەوا ئەو هێزە میللیگەرا سەرەتاییەیان خستۆتە گەڕ

و بەکاریهێناون. ئیدی ئەوەی پێیدەگوترێ "شۆڕشی ئەیلول" جگە لە تێکەڵبوونی خواستی پاوانخوازی دەرەبەگی کورد لەگەڵ پیلانی هێزە دەرەکییەکان (ئەمریکا، بریتانیا، ئیسرائیل، ئێران) دژ بە گەلانی ئێراق هیچی دیکە نەبووە. باڵی میللیگەرای سەرەتایی راستڕەو (مەلایی)، کە ئەمڕۆ لە پارتی و هاوسەنگەرەکانیدا بەرجەستەیە، هەوڵدەدات لەیەککاتدا لە سایەی هەم سیستەمی قەوارەپارێزی داگیرکەرانی کوردستان و هەمیش سیستەمی لیبرالیزمی سەرمایەی جیهانیدا درێژە بە تەمەنی خۆی بدات. بێئاگا لەوەی سیستەمی سەرمایەی جیهانی لەپێناو پاوانخوازی خۆیدا ئەمڕۆ خەریکی

هەڵوەشاندنەوەی سیستەمە قەوارەپارێزەکەی خۆرهەڵاتی ناوینە، بە رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانیشەوە!!.

کاتێك رەوتی نەتەوەپەرستی وردە بۆرژوا (جەلالی) هەوڵیدا لەبازنەی قەڵەمڕەوێتی رەوتی دەرەبەگی کورد دەربچێ و بەرەکە لەژێر پێی دەرەبەگی کورددا رابکێشێ و چیدی لەو نەچێت، کەچی دوای کێشمەکێشێکی خوێناوی دەیان ساڵە، نەك هەر نەیتوانی خۆ لەژێر هەژموونی میللیگەرای سەرەتایی دەرەبەگخوازی رابسکێنێ و لێی رزگار ببێت، بەڵکو سەرەتا بووە باڵێکی چەپڕەوی ئەو میللیگەرا سەرەتاییەی هەوڵیدا لەو نەچێ و پاشان

گەڕایەوە مەداری راستڕەوانەی ئەو و ئیدی لەڕووی ئەقڵییەتەوە هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نەما. ئەوەی پێی دەگووترێ "شۆڕشی نوێی گەلەکەمان" جگە لە بەردەوامیدان بە رەوتی میللیگەرای سەرەتایی بە نەفەسە چەپڕەوییەکەی میللیگەرایی سەرەتایی هیچی دیکە نەبوو.

چەپی کلاسیکیش کاتێک وەك رەوتێکی هزری سیاسی - چەکداری خزایە ناو بزووتنەوەی سیاسی - چەکداری کوردەوە، بە ئەقڵییەتێکی هێجگار دۆگماوە خۆی نمایش کرد، زیاتر لەوەی رەوتێکی دیالیکتیك پارێز بێت، زیاتر وەك ئایینێك، ئایینزایەك خۆی خستەڕوو. هزری چەپ لە گەوهەری خۆیدا

هەڵگری تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانەیە، ئەگەر گیرۆدەی پەتای دۆگماتیزم و لومپەنیزم نەکرایە ئەوا توانستی هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی مەزن و کاریگەری هەبوو. بۆیە لە ئاکامی تووشبوونی بەو پەتایانەوە؛ نەك هەر نەیتوانی ببێتە رەوتێکی دۆگماشکێن، بەڵکو خۆی بووە رەوتێکی دۆگماداری داخراوی قاڵبداری موحافەزەکار. بەدیوێکی تریشیدا توخمە لومپەنەکانیشی بە هەڵگەڕانەوەیان لە هزری چەپ و چوونیان بۆ سەر رەوتی میللیگەرای سەرەتایی بەڵادار، ئیدی جگە لە کۆمەڵێك لیبۆك (موهەریج)ی ئەو رەوتە هیچی دیکەیان لێ دەرنەچوو.

ئـەو رەوتـە؛ هەرچەنـدە بـەهۆی ئـەوەی خەڵکی رەنجدەر و هـەژاری رێکخسـتەکرد بوو و کەمێك لەو بوارشـەوە هـەوڵی بـەرچاوی دا، بەمــەش توانســتی بــەرپاکردنی شۆڕشــی لەهـەناوی خۆیـدا هـەڵگرتبوو، بـەڵام ئـەویش بـەهۆی پـەتاکانی سۆسـیال شـۆڤێنی گـەلی سەردەست و مەیلە لومپەنییە بۆرژوازییـەکانی سەرانیان، ئەو توانستە شۆڕشگێڕییەی هـەیبوو بـە فیـڕۆی دا و لەئاکامـدا ئـاوی لـە ئاشـی میللیگـەرای سـەرەتایی و سۆسـیال شـۆڤێنی گــەلی سەردەســتەدا کــرد و لــە پێگــەی شۆڕشــگێڕییەوە بــەرەو پێگـەی دژەشۆڕشــی هەڵخلیسکا.

ئیسلامی دەسەڵاتخوازیش (کە هەڵەیەکی زیهنی و مەتۆدییە پێی بگووترێ ئیسلامی سیاسی!!) لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابوردووەوە، وەك رەوتێکی ئایینی سیاسی باڵێکی وابەستەداری ئیخوانی موسلیمین دەرکەوت و دواتریش لە هەشتاکاندا وەك رێکخستنێکی سیاسی و چەکداری گەشەی بەخۆیدا، نەك هەر رەوتێکی دۆگمایی بوو، بەڵکو هۆکار و بیانوو و پاڵنەری دەرکەوتنی ئەو رەوتە خەونە دۆگماییەکانی بوو، کە لە سەپاندنی دەسەڵاتێکی ئایینی (تیۆکراتی) رەهادا بەرجەستە دەبوو. بەڵام سەرەڕای ئەو وابەستەییەی بە رەوتە دەرەکییەکانی ئیسلامی دەسەڵاتخوازەوە، زۆر براگماتیکیانە

هەڵسوکەوتی کردووە. ئەمڕۆ ئەو ڕەوتە باڵەکانی دیکەی ڕەوتە ئاینییەکانی تری وەك "سەلەفییە تگەرایی"شی تێوە خزاوە و بوونەتە چەندین گروپ و هەر گرووپە، بە گوریسێکی ئەستوورەوە وابەستەن بە ڕەوتە ئاینییەکانی ناوچەکە و جیهانەوە. ئەم ڕەوتەش جگە لە ئامرازبوون و مقاشبوون بۆ ڕەوت و هێزە دەرەکییەکان و ڕۆڵگیر لە هێشتنەوەی هەژموونی دۆگمایی دەمارگیر هیچ دیکە نیین.

ڕەوتی لیبرالیزمی پاوانخوازیش کە لە هەناوی ئەو ڕەوتانەی پێشووی خۆیەوە سەریهەڵداوە و هێشتا لە ناو ئەو ڕەوتانەدا جموجۆڵ دەکات، لە دوای ڕاپەڕینی 1991وە لەناو ئەو ڕەوتانەی تردا خەریکی گەرادانان و

بنکۆڵکردنە. ئەگەرچی بە رووکار خۆی لە دەرەوەی دەسەڵات دەبینێت، بەڵام لە کردەییدا باڵێکی بەهێزی نێو ئەو دەسەڵاتە تاڵانکارییەی باشووره و تادێت باشوور تەسلیمی سەرمایەی جیهانی دەکەن، تا لە سایەی داگیرکاریی لیبرالیزمی جیهانیدا ئەویش لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. لەم پانزە ساڵەی رابردوودا زۆرترین هەوڵە تاڵانکارییەکانی سەرمایەی جیهانی لە رێگەی ئەورەوتە وابەستەیەدا بووە. تەنانەت دوای رەوتی میللیگەرای سەرەتایی، سەرچاوەیەکی سەرەکی ئەو گێژاو و قەیرانەی ئێستای باشوور ئەو رەوتە تاڵانچییە بووە. مرۆڤ دەتوانێ بەرووی ئەوە بخاتەڕوو کە رەوتی لیبرالیزمی پاوانخواز

لە باشووردا هەڵگری هزری لومپەنیزمە. لەڕێی ئەو رەوتەوە بۆیەکە مجارە لومپەنیزم بە ئەقڵییەت و کولتوور و کەسێتی لومپەنیستانەی خۆیەوە لە باشووردا خۆی رێکخستە و بەیان دەکات.

لێرەوە دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو کە؛ ئەو شەڕ و ململانێ و ناکۆکیانەی ئەمڕۆ لەنێوان رەوت و حزب و لایەنە دەسەڵاتدارەکاندا هەیە لە بنچینەدا شەڕی جیاوازییەکانیان نییە، چونکە جیاوازی زیهنی و هزری و کولتورییان لەنێواندا نییە، ئەوەی هەیە شەڕی پاوان و قەڵەمڕەوی و دەسەڵاتدارێتییە، بێگومان لە پشت هەر یەکێکیان کۆمەڵێك دەوڵەت و کۆمپانیا و رایەڵ و تۆڕی هەواڵگری ناوچەکە و

جیهانی هەن و چەندە بە گوێرەی خواستە پاوانخوازییەکانی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن، دە ئەوەندەش بە گوێرەی خواست و بەرژەوەندییەکانی ئەوان هەڵسوکەوت دەکەن.

ئیدی ئەوە روونە کە؛ ئەو رەوتانەی ئێستا لە دەسەڵاتدارێتی دان، ئەوانەش کە مرخیان بۆ دەسەڵات خۆش کردووە، لەرووی زیهنی و کولتووری و کارەکتەرەوە بەرهەمی دۆگماتیزم و لومپەنیزمن. ئیدی نەك هەر توانستی گۆڕین و وەرچەرخانی ئەو دۆخەیان بەرەو دۆخێکی پۆزەتیڤ و لە بەرژەوەندی کۆمەڵگادا نییە، بەڵکو تەواو چوونەتە بەرەی دژە گەل و کۆمەڵگاوە. وەهمێکی کوشندە و

خەڵە تێنەرانەیە کە دەگووترێ؛ زۆنی زەرد و زۆنی سەوز و مۆر، زۆنی فڵان و زۆنی فیسار... لەبنچینەدا یەك زۆن هەیە ئەویش زۆنی دەسەڵاتدارانە و هەموو رەوت و حزب و لایەنە دەسەڵاتخوازەکان لەو زۆنە دان، بە کەم و زۆری قەبارە و توانستیانەوە. کۆی گەل و کۆمەڵگاش لە دەرەوەی ئەو زۆنەی دەسەڵاتدا مەمەو و مەژییە ژیان دەگوزەرێنێت و خەریکی سووکە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەیەکی ناکاریگەرە.

بۆیە ئەم دۆخە دەبێ لە بناخەوە بگۆڕدرێت و چیدی هەوڵە ریفۆرمیست و پینەوپەڕۆیەکان دادی ئەم دۆخە نادەن. مسۆگەر ئەمەش بە دەرکەوتنی

ئەلتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕی ئەو گۆڕین و وەرچەرخاندنە ئەنجام دەدرێت. مسۆگەر ئەمەش بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی زیهنی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دێتەدی. بۆ بەرپاکردنی ئەو شۆڕشە هەمەلایەنەش هزری شۆڕشگێڕی و پارادایمی شۆڕشگێڕی پێویستە، کارەکتەری شۆڕشگێڕی و رێکخستنی شۆڕشگێڕی پێویستە...

## (6)
## مانیفێستۆی شۆڕش – پارادایمی شۆڕشگێڕی

مسۆگەر ئەوە یەکلایی بۆتەوە کە باشوور لە گێژاو دایە و بۆ تێپەڕاندنی ئەو گێژاوە پێویستیی بە شۆڕشێکی زیهنی - ویژدانی - ئەخلاقی - کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە. دۆخی باشوور لەڕووی بابەتییەوە؛ دۆخی بەرپاکردنی شۆڕشێکی جەماوەرییە و لەدەرەوەی شۆڕشی جەماوەرییشدا هەر چارەسەرییەکی دیکە وەهمێکی دژە شۆڕشییە. ئیدی شۆڕش بۆتە پێداویستییەکی ژیانیی لە باشوور، بێ شۆڕش ژیان زۆر دژوارە و بێ شۆڕش ئیدی ژیان بە واتای خۆی بەردەوام نابێت. چونکە لە

باشووردا دۆخێکی داگیرکارکاری و خیانەتکردن لەبەرامبەر بە گەل باڵادەستە و دیار نییە بەرەو چ هەڵدێرێکی مەترسیدار دەبردرێت. بۆیە بەبێ شۆڕشێکی ئازادیخوازی جەماوەری؛ ئەوا داگیرکاری و خیانەتکاریش رانامالْرێت.

هەروەها لە باشووردا کێشەی نان و ئازادی هەیە و بەیەکەوەش پەیوەستدارن، بۆیە لەبەرامبەر بەم دۆخی بێ نانی و بێ ئازادییەدا شۆڕش پێویستییەکی ناچارییە. ئیدی فاکتەری یەکەمی شۆڕش نان بێ یان ئازادی، ئەوا ئازادی لە نان و نانیش لە ئازادی دایە. باوەڕم وایە کە هەر شۆڕشێك بۆ نان و ئازادی نەبوو و مەیلی دەسەڵاتخوازی هەبوو ئەوا شۆڕش نییە و چەواشەیە. هەڵبەتە لەنێوان

شـۆڕش و شۆڕشـی چەواشـەدا؛ بـەدیهێنانی ئـازادی سـەنگی مەحەکـە. هەڵبەتـە کوشندەترین وەهمیش ئەوەیە کە دژەشـۆڕش (شۆڕشی ساختە، شۆڕشی چەواشە) بە شـۆڕش ببینرێت.

گومان لەوەدا نەماوە کە ژیانی ئازاد و شـکۆمەند لـە باشـووردا لـە شۆڕشـی ئازادیـدا خـۆی حەشـار داوە. بـۆ ئـەم شۆڕشـە؛ چـەکی قـورس، باڵەخانـەی بـەرز و پارەیـەکی زۆری ناوێـت، تـەنیا ئیـرادەی دەوێـت، کـە ئیـرادە هـەبوو، ئـەوا هـەموو پێداویسـتییەکانی بـەرپاکردنی شـۆڕش و سـەرکەوتنی شـۆڕش دەکرێ دابین بکرێت. ئیدی نابێت لـە شـۆڕش بەرپاکردن بترسین. تـرس لـە شـۆڕش ترسـە لـە

ئازادی، ترس لە ئازادی ترسە لە تێگەیشتن و بەرپرسیارێتی. هەڵبەتە ترس بۆخۆی لە ئاست ئیرادەی شۆڕشگێڕیدا شێوەبەفرینەیە و هەر شۆڕشە ترس دەتوێنێتەوە. بەڵام شۆڕش خۆی چییە؟!

بێگومان زۆربەی دژبەرانی شۆڕش؛ یان لەواتای شۆڕش تێنەگەیشتوون، یان زەرەرمەندن لێی، بۆیە شۆڕش و دۆخی شۆڕشگێڕیی پەسند ناکەن و تەنانەت دژیشی رادەوەستن. بەڵام شۆڕش بۆخۆی راستەوڕاست پەیوەستە بە ژیانەوە و خۆی ژیانە، هەڵبەتە ژیانێکی واتادار، کە لە ژیانی ئازاددا بەرجەستە دەبێت. چونکە لە سادەترین واتایشیدا؛ شۆڕش چالاکی گەڕاندنەوەی واتایە

بـۆ ژیـان و مـرۆڤ و کۆمـەڵگا و کۆتاییهێنانـە بـەژیانی کولەمـەرگی و دووبـارە و بێـڕۆح و بێواتـا، دەسـتپێکردنی پرۆسـەی تێکۆشـانە بـۆ ژیانێکی ئازاد، بیرکردنەوەی ئـازاد و لێگـەڕینی هەقیقەتـە. بۆیـە چەنـدە شـۆڕش هـەڵگری هەقیقەتی ژیانی ئازاد بێت، ئەوەندەش خـۆی لەو وەهمانە بەدوور دەگرێت کە هەوڵدەدەن جێـی ژیـانی راسـتەقینە پڕبکەنـەوە. چەنـدە شـۆڕش هـزری گـۆڕینی ژیانـە، ئەوەنـدەش هونەری بونیادنانەوەی ژیانە. شۆڕش حەزێکی مەرگدۆسـتی و خوێنـاویکردنی دۆخـی هـەیی نییە، بەڵکو دروشم و کرۆکی خۆی؛ ئافراندن و بەردەوامیدانـــە بـــە ژیـــانی ئـــازاد. واتـــا؛

گەڕاندنەوەی رۆحی ژیاندۆستی و عەشقی ژیانی ئازادە.

مسۆگەر شۆڕش دوو ستووندی بنچینەیی هەیە؛ یەکیان هزرە و ئەوەی تریان کردارە. لەڕووی هزرییەوە شۆڕش واتا؛ شکاندنی بەستەڵەکی دۆگماتیزم و بەلاوەنانی بێباکیی لومپەنیزم و خوڵقاندنی پارادایمی شۆڕشگێڕی و گەڕاندنەوەی سروشتی دیالیکتیکە بۆ ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵگا. سروشتی دیالیکتیکیش واتا؛ یەکبوونی مرۆڤ و کۆمەڵگا و گۆڕان و پێشکەوتنی هەمیشەیی لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی، دادپەروەری، دیموکراتی و ئاشتی و بەیەکەوە ژیان. هەڵبەتە بەرپابوونی شۆڕش رۆحی لێبوردەیی و بەیەکەوە ژیانی

هاوسه‌نگ ده‌خولقێنێت و په‌یماننامه‌یه‌کی ئازادیخوازانه‌ی خه‌ڵك بۆ ژیانی ئازاد ده‌نووسێته‌وه.

له‌به‌ر ئه‌وه‌ی شۆڕش؛ به‌تووڕه‌یی ئاوڕ له‌رابردوو ده‌داته‌وه و په‌سندی ناکات، له‌ئێستاش راده‌مێنێ و ده‌یه‌وێت تێیپه‌ڕێنێت، به‌جۆشیشه بۆ ئاییندەیه‌کی گه‌ش، بۆیه ده‌بێ وه‌ڵامی هزری و کرداری هه‌بێ بۆ پرسی چۆن ژیاوین، چۆن ده‌ژین و ده‌بێت چۆن بژین؟ لێره‌وه له‌گه‌ڵ به‌لاوه‌نانی بێهوایی، بێئیراده‌یی، ره‌شبینی، بێهوده‌یی و قه‌ده‌رگه‌راییدا، باوه‌ڕی، هیوا، ئیراده و هێز و توانستی تێکۆشان بۆ تاك و کۆمه‌ڵگا ده‌گه‌ڕێنێته‌وه. بێگومان باوه‌ڕی هیوا ده‌ئافرێنێ، هیواش ئیراده، ئیراده‌ش

هێــزی تێکۆشــان. ئیــدی شــۆڕش لــە هزرەوە دەســت پێــدەکات، لە چالاکیـدا هەڵدەکشـێ، لەواقیعیشدا سەردەکەوێت. یان بـە واتایەکی دیکە؛ شۆڕش لەواقیعی گێژاودا چەکەرە دەبێ و لــە هزردا دادەڕێــژرێ و واقیعێکــی تــری جوداش دەخولقێنێ!.

لـەڕووی کردارییـەوە؛ شـۆڕش بـۆ تـاك و کۆمەڵگا هەر تەنیا دروشـمگەلێکی وەك:"بـژی و بمرێ" نییە، بەڵکو پرۆسەی خۆخولقاندنەوە و خولقاندنی ژیانێکی شـکۆدارە، گەڕاندنـەوە یــان گەیاندنــەوەی تــاك و کۆمەڵگایــە بــە سروشـتی خۆیـان. بۆیـە چەنـدە دژی سـتەمی دەسەڵاتدارییە، دەبێ ئەوەندەش دژی ستەمی کۆمەڵگا لە تاکەکانی بێت. لێرەوەیـە شـۆڕش

کارابوونـــــەوەی ئیـــــرادەی ئـــــازاد و ڕێکخســـــتەبوونەوەی کۆمـــەڵگا دێنێــت و کەرامەتی ئینسانی تاك و جوانییەکانی ژیانی کۆمەڵگا دەگەڕێنێتەوە. شۆڕش بۆ تاکیش و بـۆ کۆمەڵگاش بـەواتای ئافراندنی باوەڕی، هیـوا، ئیرادە، وزە و هێزی گەیشتن بە ژیانی ئازاد دێت.

شۆڕشـــگێڕێتی بۆخـــۆی بیـــر و گووتـــە و کردارە بەیەکەوە، ڕۆحێکی چالاك و ویژدانێکی زیندووە. کەسێتی شۆڕشگێڕ؛ بەباوەڕ و بڕیارە، بەهیوا و ئیرادەیە، بەهێز و چالاکە بۆ شـۆڕش. مەزنترین شۆڕشی جیهانیش هـەر لـە شۆڕشـی خودســـازییەوە دەســـتپێدەکات. واتـــا لـــە بونیادنانـەوەی سـەرلەنوێی خـود. وەك چـۆن

پیتێك، دوو، سێ دەبێتە وشە و وشەیەك دوو و سێیش دەبێتە رستە، وەكچۆن بە داگیرساندنی مۆمێك، چرایەك، مەشخەڵێك شەوەزەنگ لەو شوێنە نامێنێت، ئەوا مەزنترین شۆڕشیش لە تاكێك، دووان و سێیانەوە دەستپێدەكات و كۆی كۆمەڵگا دەخاتە ژێر كاریگەری خۆیەوە. بەڵام ئەم شۆڕشە لەبەرپابوونیدا؛ پێویستی بە رۆحی رێنیسانسی، ئەقڵی رۆشنگەری و فەلسەفەی ئازادی هەیە لەو تاكەی كە خەریكی خۆبونیادنانەوەی شۆڕشگێڕانەی خودی خۆیەتی. پێویستی بە هزری شۆڕشگێڕی، كەسێتی شۆڕشگێڕ، رێكخستن و چالاكی شۆڕشگێڕی هەیە. واتا پێویستی بە میكانیزمە

بنچینه‌ییه‌كانی "په‌روه‌رده‌، رێكخسته‌بوون و چالاكی شۆڕشگێڕانه‌" هه‌یه‌.

## (7)
## ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕی – پۆلینی شۆڕش

لە مانیفێستکردنی شۆڕشدا ئەرکێکی زۆرمان خستە ئەستۆی شۆڕش بۆ ئەوەی بە ئامانجگەلێکی زۆر بگات. ئەمە گرفت و ئیشکالییەتێکی مەزنە. چونکە لە وردبوونەوەمان بۆ ئەو ئەرك و ئامانجانە، گرفتی ئەوەی کامە ئەرك لەپێش ئەرکەکانی ترەوەیە؟ کامە ئامانج لەپێش ئامانجەکانی ترەوەیە؟ لەبەردەمماندا قوتدەبێتەوە. ئایا چ پێوانە و رێکارێك بۆ پۆلینکردنی ئەرك و ئامانجەکان بەبنەما وەربگرین؟ بێ ئەوەی بکەوینە نێو تەڵەزگە لۆژیکییەکانی

دۆگماتیزمەوە، کە ڕەهاگەرایی لەجیاوازکردنی نێوان هەموو شتێکدا دەکات، هەروەها بێ ئەوەی خۆ لە لۆژیکی پارچە پارچەکردن و دابڕاندنە بێ بنەماکانی لومپەنیزمیش بۆ شتەکان نزیك بکەینەوە؟.

دەکرێ لەمڕووەوە هانا وەبەر مەتۆدی پۆلینکاری بیرمەند "**فرناند براودل**" ببەین لە پۆلینکارییەکەیدا بۆ زەمەنی پێکهاتن و گۆڕین و گەشەسەندنەکان. هەڵبەتە لێرەدا و لەم وتارەدا دەرفەتمان بۆ تاوتوێکردنی ئەو مەتۆدەی "**براودل**" و بیر و بۆچوونی بۆ کۆی مێژوو و شارستانییەت نییە، بەڵام بە پووختی دەتوانین بڵێین کە؛ "**براودل**" زەمەنی مێژوویی لەڕووی خایاندنەوە بۆ سێ ئاست پۆلین

دە کـــات؛ زە مـــە نی درێژخا یـــەن (زە مـــە نی جو گرا فیـا یی)، زە مـە نی ناوەڕا ســت (زە مـە نی کۆمەڵا یە تی)، زە مە نی کورت (زە مە نی سیا سی- یان زە مـە نی تـا کی). زە مـە نی درێژخا یـەن( Le Temps Long)؛ زیـا تر پێکها تـە بو نیاد ییـە کان دە گرێتـــەوە، وەك پێکها تـــەی جو گرا فیـــا یی، پێکها تەی زیهنی، پێکها تـەی کولتوور(چا نـد)ی، گۆڕا نکار ییــە کان لــەم مــاوە زە مە نییــەدا زۆر خاون، رە نگبێ سەدە یە یان چە نـد ین ســەدەی پێویسـت بێـت تـا گۆڕا نکـاری لـە بو نیاد یا نـدا بکرێــت. زە مـــە نی نـــاوین ( Le Temps cyclique)؛ زیـــا تر بارودۆخـــە کان (ظــروف) لـــە خۆوە دە گرێـــت و زە مـــە نێکی خولـــدارە (دوري) یـــــە و گۆڕا نکار ییـــــە ئـــــا بووری و

کۆمەڵایەتییەکان لەخۆوە دەگرێت، رەنگبێ لە دە ساڵ تا پەنجا ساڵ بخایەنێت تا گۆڕانکاری ئابووری بنچینەیی یان کۆمەڵایەتی ریشەیی روودەدات. زەمەنی کورت (Le Temps Court)؛ کە زەمەنی رووداو و کەسەکانە و زیاتر رووداوە سیاسییەکان و کەسییەکان لەخۆوە دەگرێت و بۆ روودانیشی پێویستی بە زەمەنێکی کورتی چەند ساڵی هەیە.

ئەوەی بەم مەتۆدەی "**براودل**"ەوە سەبارەت بە دۆخی باشوور دەتوانین شیکردنەوەی پێبکەین و ئەنجامی لێوەربگرین وەهایە: ئەو گێژاوەی باشووری کوردستان بە تایبەت و کۆی خۆرهەڵاتی ناوینی تێدا غەرق بووە لە سێ ئاستی جیاواز دان، بۆیە هەر

هەوڵدانێك بۆ رزگاربوون لەم گێژاوە ئاست جیاوازانەدا پێویستی بە شۆڕشی ئاست جیاواز هەیە:

**یەکەم**: باشوور کە لە گێژاوێکی زیهنی و کولتووری قووڵ دایە، هەر تەنیا بەرهەمی ئەو بیستوپێنج ساڵەی دوای راپەڕین نییە، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ سەدان و هەزاران ساڵی رابردوو تا ئەو گێژاوە زیهنیی و کولتورییانە دەقیان گرتووە و بوونەتە بەشێك لە راستینەی واقیعی رابردوو و ئێستای باشوور - و کۆی خۆرهەڵاتی ناوینیش. هەڵبەتە لە سەدەی بیستەوە تا ئێستا ئەو گێژاوە رەهەند و مەودای دیکەی وەرگرتووە و خەستتر بۆتەوە و لەمیانەی بەریەکەوتنی لەگەڵ کولتوور و

زیهنییەتی دیکەی دەرەوەی ئەو جوگرافیایە، لەهەمانکاتدا جولە و کارابوونی هەندێ توخم و فاکتەری زیهنی و کولتووری ناو خودی پێکهاتە زیهنی و کولتوورییەکەی باشوور - بەتایبەتی ئەو بیستوپێنج ساڵە - وایکردووە گێژاوەکە خێراتر رۆبچێت و کاریگەرییەکانی زیاتر ببن. هەڵبەتە شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیای ئێستاش هەموو ئەو توخم و فاکتەر و بەریەکەوتن و جولە و کارابوون و کاریگەرییانەی بەڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر مەزن و کاریگەر کردووە. واتا ئەوەی لە هەزاران ساڵدا، یان بە سەدان ساڵ دەکرا کاریگەری هەبێت یان گۆڕانکاری و

پێشکەوتنی تێدا بێتەدی، ئەوا مرۆڤ لەچەند دەیەکدا دەیبینێت و دەرکی پێدەکات.

بۆیە کاتێك باس لە تێپەڕاندنی ئەو گێژاوە زیهنی و کولتوورییە دەکەین، دەبێ ئەو ڕاستیانەی سەرەوە لەبەرچاو بگرین و پێمان وانەبێت بە ماوەیەکی زۆر کەم و لە چەند ساڵێکدا دەتوانین ئەو گرفتە زیهنی و کولتوورییانە تێپەڕێنین، ئەوەی دەتوانێت ئەو ماوەیە کورت و کورتتر بکاتەوە ڕەنگبێ ئەو شۆرشە زیهنی و کولتوورییە بێت کە بۆتە پێویستییەکی ژیانیی لە باشوور و کۆی خۆرهەڵاتی ناویندا. ڕەنگبێ هەندێ گرفتی بونیادی زیهنی و کولتووری ئەوتۆ هەبن کەوا پێویستی بە ماوەیەکی درێژخایەنتر هەبێت.

بـۆ نموونـە؛ گرفتـی دۆگماتیـزم گرفتێکـی زیهنی و کولتووری هەروا ئاسان نییە تا لێیەوە بەچاونوقانێك لێی رزگار ببین، ئەمە لەکاتێکدا کـۆی بونیـادی زیهنـی و کولتـووری لـەم جوگرافیایەدا بونیادێکی دۆگماییە. پیرۆزی و تـابۆ، رەهاگـەرایی و قەدەرگـەرایی، لاسـاییکردنەوە و ئەزبەرەیی.... هتـد هـەموو خانـە و شـانەی ئـەو زیهنییـەت و کولتـوورەی باشوور و خۆرهـەڵاتی نـاوینی داگیرکردووە و هەروا بە سـانایی قـەڵا و قووڵلـە و سـەنگەرە زیهنی و کولتوورییـەکانی خـۆی چـۆل ناکـات. هەروەها گرفتی لومپەنیزم کە هـەم گرفتێکـی دێرینە و هەمیش سەدەیەك زیاترە وەك رەوت و تەوژمێکی زیهنـی و کولتـووری مۆدێرنیتـەی

سەرمایەداری رەشەبائاسا رووی لە باشوور و خۆرهەڵاتی ناوین کردووە.

گرفتی دەسەڵاتخوازێتی (هیرارشیزم) و سیستەمی دەسەڵاتدارێتی هەر تەنیا گرفتێکی سیاسی رۆژانە و کورت مەودا نییە، بەڵکو لە بنچینەدا گرفتێکی بونیادی درێژخایەنە، بۆ پێنج تا حەوت هەزار ساڵ دەگەڕێتەوە و چەندین قۆناخ و جۆر و شێوە و شێواز و چەمك و مەودای هەیە، بەڵام لە بنچینەدا یەك كرۆك و زیهنییەتی هەیە. بێگومان تێپەڕاندنی زیهنییەتی دەسەڵاتخوازێتی و سیستەمی دەسەڵاتدارێتیش هەروا ئاسان نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی هێز و توانستی خۆی لە هەردوو زیهنییەتی دۆگماتیزم و لومپەنیزمەوە

وه‌ده گرێت، وه‌ك بونیادێكی سێ ستوونی (دۆگماتیزم، لومپه‌نیزم، هیرارشیزم) پێكهاته‌ی زیهنییه‌تی باڵاده‌ستیی پێكده‌هێنن. گۆڕانكاری له‌و بونیاده زیهنی و كولتوورییه‌ گۆڕانكارییه‌كی خاو ده‌بێت و پێویستی به‌ ماوه‌یه‌كی درێژ هه‌یه‌ بۆ تێپه‌ڕاندنیان.

ئیدی گه‌لێك گرفتی دیكه‌ش هه‌ن، كه‌ خودی گێژاوه‌كه‌یان پێكهێناوه‌ و له‌ په‌تای درێژخایه‌ن ده‌چن، هه‌روا به‌ سانایی ناتوانرێت تێپه‌ڕێنرێن، مه‌گه‌ر ته‌نیا به‌ ره‌وت و ته‌وژمی زیهنی و كولتووری پێچه‌وانه‌ی گه‌رده‌لولئاسا بتوانێت ئه‌و گرفتانه‌ له‌ دۆخی گێژاو دروستكردن ده‌ربهێنرێن و ببڕدرێن، یان

بپووکێنرێنەوە، کە بەمە دەگووترێت؛ ڕەوت، یان تەوژمەکانی شۆڕشی زیهنی و کولتووری.

مسۆگەر لەپشت هەموو گێژاو و گرفتە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسییەکانیشدا پاشخانێکی زیهنی و کولتووری خۆی هەیە و ڕۆڵی بونیادییانەی پێکهاتەی زیهنی و کولتووری ناکرێ فەرامۆش بکرێت. هەروەها دەبێ کاریگەرییە پێچەوانەییەکەیشی ببینین و دەرك بەوە بکەین کە؛ فاکتەرە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش لەدرێژماوەدا و لە قۆناخە جیاوازەکانیدا ڕۆڵگیرن لە شێوەگرتنی بونیادی زیهنی و کولتووریدا.

<u>**دووەم**</u>: هەر لە باشووردا - لە کۆی خۆرهەڵاتی ناوینیشدا هەر وایە - گێژاوێکی

ئابووری و کۆمەڵایەتی قووڵ و فراوان لەئارا دایە، هەڵبەتە ئەو گێژاوە پاشخانی زیهنی و کولتووریی خۆی هەیە، بەڵام لە هەر ماوەیەکی مامناوەندی خولداری (دوري) دا گرفتی ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان هەردووکیان بەیەکەوە دەردەکەون و مۆرکی خۆیان لەو قۆناخە مامناوەندییە دەدەن. بێگومان گرفت و قەیرانە ئابوورییەکانیش بونیادە زیهنی و کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان کاریگەری خۆیان لە دروستبوونیدا هەیە. گرفت و قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانیش بەهەمان شێوە بونیادی زیهنی و کولتووری و ئابووری و سیاسی خۆیان هەیە. ئێستا لە باشوور و تەواوی خۆرهەڵاتی

ناویندا گێژاوێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی قووڵ و فراوان هەیە.

دەکرێ هاوکات لەگەڵ بونیادەکانی ئەو گێژاوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەدا دوو هۆکار بخەینەڕوو: یەکەمیان؛ سەرچاوەی گێژاوە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە خودی پاشخانی مێژوویی و شارستانی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوینەوە دێت. چونکە ئەو پاشخانە زەمەنێکی زۆر درێژی بەسەردا تێپەڕیوە و گۆڕانکاریی ریشەیی تێدا رووینەداوە، بۆیە بەسەریەکدا کەڵەکە بووە و بۆتە گێژاوێکی قووڵ. دووەمیان؛ ئەو دەستێوەردانە دەرەکییەی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە کە نزیکەی دوو سەدەیەك دەبێت لەهەوڵی داگیرکاری و

پاوانکردنی دایە و هێشتا نەیتوانیوە تەواو بەسەریدا زاڵ ببێت و بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. بەڵام لەم دوو سەدەیەدا، بەتایبەتی لەم سەد و بیست و پێنج ساڵەی رابردوودا خۆرهەڵاتی ناوین و کوردستانی کردۆتە گۆڕەپانێکی خوێناوی شەڕ و پێکدادانەکان و بەمەبەستی پاوانکردنی دۆزەخێکی بۆ گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین بەگشتی و گەلانی کوردستان بەتایبەتی دروستکردووە، کە بە بارتەقای هەموو مێژووی ئەم جوگرافیایە خوێنی رشتووە و کاولکاریی کردووە و ژینۆسایدی کولتووری و جەستەیی کردووە.

لە دۆخی ئێستادا لە باشوور و تەواوی خۆرهەڵاتی ناویندا؛ ململانێیەکی چینایەتی -

کۆمەڵایەتی زۆر دژوار و خوێناویی هەیە. ململانێی نێوان چینە چەوسێنەرە دەسەڵاتدارەکان - کە سەدا یەکی کۆمەڵگا پێکدێنێت - و چینە چەوسێنراوەکان - کە سەدا نەوەد و نۆی کۆمەڵگا پێك دێنێت، هەروەها رەگەزی چەوسێنەری دەسەڵاتداری پیاوسالاریش لەبەرامبەر بە رەگەزی چەوساوەی ژندا سەنگەربەندبووە. لەکاتێکدا ئەم جوگرافیایە دەوڵەمەندترین جوگرافیای جیهانە، زۆرینەی خەڵکەکەی لە دۆخی هەژاری و ژێر هێڵی هەژاری و بێکاری و مۆدێلێکی نوێی کۆیلایەتیدا دەژیت.

هەڵبەتە ئەم دۆخە تەنیا بە بەرپاکردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی تێدەپەڕێنرێت کە

دادپـــەروەری و یەکســـانی کۆمەڵایـــەتی و هاوســەنگی و ئــازادی رەگــەزی بــە ئامــانج بگرێـــت. مســـۆگەر لـــەدەرەوەی رێگـــای بــەرپاکردنی شۆڕشــێکی جــەماوەری، هــیچ رێگایــەکی دیکــە توانســتی ئــەوەی نییــە لەیەککاتدا هەم دژ بە سیستەمی پاوانخوازی سـەرمایەی جیهـانی و هـەمیش دژ بـە چینـی ستەمکار و وابەسـتە و باڵادەسـتیی نێـو ئـەم جوگرافیایە رابوەستێت.

**سـێیەم**: لـە باشـووردا گێژاوێکـی سیاسـی قووڵ و فراوان هەیە، وێڕای پاشخانە زیهنـی و کولتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گێژاوە سیاســـییەکان، ئـــەوا بویـــەرە سیاســـییەکان (رێککــەوتن و هاوپەیمانێتییــەکان، شـــەڕ و

پێکداداناـەکان، ململانێـی نێـوان ئۆپۆزسـیۆنی دەسـەڵاتخواز - هێـزە دەسـەڵاتدارەکان، ململانێی نێوان کۆی هێزە دەسەڵاتخوازەکان لەگەڵ هێـزە دیموکراتییـەکان، سـەرهەڵدانی رەوت و هێـزی نـوێی سیاسـی، هەڵوێسـت و جوڵەی کارەکتەرە سیاسییەکان...هتد) رۆڵیان لە دروستکردنی دۆخی سیاسیدا هەیە.

ئێستا ئەو بویەرە سیاسییانە لـە باشووردا گێژاوێکـی دژوار و بارگـاوی بـە تونـدوتیژی لێکەوتۆتـەوە. بێگومـان دەسـتێوەردانە دەرەکییـەکان، بەریەکـەوتنی نەرێنیانـەی بەرژەوەندییـەکانی هێـزە دەرەکییـەکان (هـەرێمی و جیهانییـەکان) لـە باشـوور و ئیراقیشدا رۆڵی سەرەکیان لە دروستبوونی ئەو

گێژاوە سیاسییەدا هەیە. بەڵام دواجار ئەوانە نابنە فاکتەری ناوەکی و لەدۆخی فاکتەری دەرەکیدا دەمێننەوە. ئێستا دوو تەوەری ململانێ لەئارادایە؛ یەکەمیان؛ ململانێی نێوان هێزە دەسەڵاتخواز و پاوانخوازەکان لەنێوان خۆیاندا، دووەمیان؛ ململانێی نێوان کۆی هێزە دەسەڵاتخوازەکان لەگەڵ کۆی کۆمەڵگا (گەل)دا. یان وردتر پۆلینی بکەین؛ چینی باڵادەستی کوردستان( کە چینێکی کەمینەیە و ئەو چینە بە سروشتی خۆی چینێکی دەسەڵاتخواز، پیاوسالار، تاڵانکار، وابەستە بەدەرەوە، کۆنەپەرست، گەندەڵ، ستەمکار و توندوتیژخوازە) لەگەڵ چینی چەوساوەی کوردستان (کە زۆرینەی کۆمەڵگا

پێکدێنێت) لە ململانێ و ناکۆکی دایە. مسۆگەر بەبێ شۆڕشێکی سیاسی جەماوەری ئەو ململانێ و ناکۆکییە یەکلایی نابێتەوە. هەموو ڕێگاکانی دیکەی دەرەوەی شۆڕش دەچنەوە کۆشکی دەسەڵاتداران و ئاو لە ئاشی دەسەڵاتداران دەکەن.

هەروەها وەهمێکی گەورەیە واتێبگەین کە لەباشووردا؛ دەسەڵات فرە زۆنە، بەڵکو لەبنچینەدا یەك زۆنە و ئەویش زۆنی دەسەڵاتە. دەسەڵاتێکی ناو دەسەڵات، یان بڵێین دەسەڵاتێکی شاراوەی پەیوەست بە تۆڕێکی فراوانی سەرمایەی پاوانخوازی جیهانیی و هەرێمییەوە لە باشوور باڵادەستە، کە ئەگەر تەنیا دەزووێکی ئەو تۆڕە بقرتێنی،

یان هەڕەشەی قرتاندنی لێبکرێت، ئەوا کۆی تۆڕەکە دەچێتە دۆخی هەڵوەشاندنەوەوە.

لەمیانەی ئەو پۆلینکردنەوە دەتوانین زۆر بە پووختی چەند خاڵێکی سەرەکی سەبارەت بە دۆخی باشووری کوردستان - کۆی خۆرهەڵاتی ناوینیش - دەستنیشان بکەین:

1. گێژاوێکی سەرتاپایی لە ئاستی زیهنی، کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کەسێتی زۆر بە دژواری لە ئارادا هەیە. ئەو گێژاوە چەندە سەرتاپاییش بێت، بەڵام لە ئاست و کایەی جیاواز و بەتایبەتمەندی جیاوازیشەوە هەیە.

2. هەر گێژاوێك بۆ گێژاوەکانی دیکە هەم فاکتەرێکە و هەمیش دەرئەنجامێکی

گێژاوەکانی دیکەیە و لەناویەکدان و بەبێ یەکدی ناتوانرێت شیبکرێنەوە، هەروەها ناشتوانرێت تێپەڕێندرێن.

3. بەهۆکاری ئەوەی تایبەتمەندی و زەمەن و بونیادی دروستبوونی هەر یەکێك لەو گێژاوانە جیاوازە، ئەوا لەبەر هەمان هۆکاریش دەبێت تایبەتمەندی و زەمەن و بونیادی تێپەڕاندنی هەر یەکێك لەو گێژاوانەش جیاواز بێت. ئەمەش واتا؛ کاتێك هەر گێژاوێك تایبەتمەندی و زەمەن و بونیادەکەی جیاواز بێت ئەوا دەکرێ ئەوە دەستنیشان بکەین کە ئەو هەوڵ و کۆششەی - یان وردتر بڵێین ئەو شۆڕشەی - بۆ

تێپەڕاندنی هەر گێژاوێکیش بکرێت جیاوازیی خۆی دەبێت.

4. کەواتە بۆ تێپەڕاندنی گێژاوەکان، یان گێژاوی سەرتاپاگیری، پێویستمان بە سێ شۆڕشی ئاست جیاواز و ماوە جیاواز و لەناویەکدا هەیە. شۆڕشێکی زیهنی و کولتووری، شۆڕشێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی، شۆڕشێکی سیاسی.

5. شۆڕشی زیهنی و کولتووری؛ پێویستی بە زەمەنێکی درێژخایەن هەیە و ئەو شۆڕشە گۆڕینێکی ریشەیی لە کایەی زیهنی و کولتووریدا بێنێتەدی.

6. شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئابووری؛ پێویستی بە زەمەنێکی مامناوەندی هەیە و

گـۆڕینی ریشـەیی لـە کایـەی کۆمەڵایـەتی و ئابووریدا بێنێتەدی.

7. شۆڕشـی سیاسـی؛ پێویسـتی بـە زەمەنێکی کورت هەیە و گۆڕینی ریشەیی لە کایــەی سیاســی و کــارگێڕی و ئاسایشــییدا بێنێتەدی.

8. هـەر هـەنگاوێك و پێشـكەوتنێکی شۆڕشگێڕی لە یەکێك لەو کایە و بوارانەی هزر و ژیـانی کۆمـەڵگادا کاریگـەری راسـتەوخۆ و ناراستەوخۆی بەسەر کایەکانی دیکەوە هەیە. ئەو شۆڕشانە یەکتر تەواو دەکەن و بەبێ یەکتر ئەنجامدار نابن.

9. هەر یەکێك لەو شۆڕشانە پێویسـتی بــە هــزری شۆڕشــگێڕی، بزووتنــەوەی

شۆڕشگێڕی، کەسێتی شۆڕشگێڕی و چالاکی شۆڕشگێڕی هەیە.

10. لەبەر ئەوەی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی دەرگاکانی لەبەردەم هەموو کرانەوە و گۆڕین و وەرچەرخانێکی بونیادیی و شۆڕشگێڕانە داخستووە و بۆتە سەنگەر و قەڵای قایمی کۆنەپەرستی، تاڵانی، ستەمکاری و تەواوی ئەقڵییەت و رەوت و تەوژمە کۆنەپەرست و تاڵانکار و ستەمکارییەکانی ناو کۆمەڵگا لەپەنا و سێبەری ئەو دەسەڵاتەدا خۆیان حەشارداوە و هێز و توانستی بەردەوامی لێوەردەگرن، بۆیە بەرپاکردنی شۆڕشێکی سیاسی بۆتە ئەرکێکی بەپەلەی ژیانیی و ناچاریی کۆمەڵگای باشوور.

مسۆگەر باشوور ئێستا لەهەموو شتێك زیاتر پێویستی بە شۆڕشێکی سیاسی هەیە. بەواتای ئەوەی شۆڕشێك ئامانجی سیاسی هەبێت و راستەوخۆ لە دژی دەسەڵاتدارێتی باشوور بەڕێوەبچێت. بێگومان لێرەدا کە دەڵێین سیاسەت مەبەستمان سیاسەت بە هەردوو مەوداکەیەتی کە "**هێزی سیاسەت و سیاسەتی هێز**"ن.

مەبەستمان لە "**هێزی سیاسەت**" ئەو هێزەیە کە سیاسەت لێیەوە هەڵدەقوڵێت و کاریگەر و رۆڵگیری دەکات. مسۆگەر بەبێ ئەو هێزە سیاسەت ناتوانێت واتادار و کاریگەر بێت. هێزی سیاسەت واتا؛ ئەو هێزەیە کە بزووتنەوەیەك یان رێکخستنێکی سیاسی لە

ستراتیژ و تاکتیکی سیاسیی خۆیەوە بەدەستی دێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، کە لە بەرنامە و هزر و ئایدیۆلۆژیایدا بەرجەستە دەبێت. بە واتایەکی دیکە هێزی سیاسەت واتا؛ هێزی هزری، هێزی رێکخستنی، هێزی جەماوەری، هێزی سەرمایە و راگەیاندن و چەندین پنتی دیکەی کە سیاسەت هێزی خۆی لێیان وەردەگرێت. ئەوەی گرنگە ئەو هێزەی سیاسەت تا چەند لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پاراو و تۆکمەیە، چەندە مەزنە، چەندە رەگی خۆی داکوتاوە و چەندە ئایندەی بردۆتەوە؟!.

بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە؛ کەی و لەکوێ و چەند و چۆن و بۆچی ئەو هێزە

بەکاردێنیت؟! ئایا لە کات و شوێن و دۆخی گونجاو و بەبڕی پێویست بەکارهاتووە و خراوەتە گەڕ یان نا؟ ئەگەر نیوەی سەرکەوتنی سیاسەت پابەند بێت بە هێزەکەیەوە، ئەوا نیوەکەی تریشی پەیوەستە بە چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو هێزە لە کات و شوێن و دۆخ و رادەی پێویستدا. ئا لێرەوەیە کە "**سیاسەتی هێز**" گرنگی خۆی دەردەکەوێتە پێش. سیاسەتی هێز واتا؛ چۆنێتی کارکردن و پەیڕەوکردنی ستراتیژ و تاکتیك، چۆنێتی و چەندێتی بەکاربردنی هێز لە کات و شوێنی پێویستدا. مسۆگەر چەندە هێزی سیاسەتت هەبێت، ئەگەر تێگەیشتنێکی قووڵ و فراوانت نەبێت بۆ "سیاسەتی هێز" ئەوا وەك ئەوە وایە

ئاو لە بێژینگدا کۆبکەیتەوە. یەکێك لە خاڵە بناخەییەکانی گەیاندنی هرزی شۆڕشگێڕی بە کرداری شۆڕشگێڕی، تێگەیشتنە لە **"دیالیکتیکی هێزی سیاسەت و سیاسەتی هێز"**. ئەمە لە بنەڕەتدا دیالیکتیکی سیاسەتی شۆڕشگێڕییە، ستووندێکی سیاسەتی ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕییە. واتا شۆڕشی سیاسی بەبێ ئەو دیالیکتیکەی سیاسەت ئەنجامدار نابێت. بێگومان بە تێگەیشتن لەمە گەلێك لە کایەکانی هونەری شۆڕش بەرپاکردنمان بۆ روونده‌بێتەوە. ئیدی شۆڕش لەم خاڵەوە دەستپێدەکات و لەم خاڵەشەوە ئاسۆی سەرکەوتنی شۆڕش بەدیدەکرێت.

گرفتە بنچینییەکە لەوەدا چڕ دەبێتەوە؛ تا شۆڕشـــێکی سیاســـی روونـــەدات، دەروازە لەبەردەم شۆڕشـێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری و بەدوایشـیدا شۆڕشـێکی زیهنـی و کولتـووری ناکرێتەوە. لە ساڵانی دوای راپەڕیندا دەرفـەت و پۆتانسـێڵێکی بـاش لـە ئـارادا هـەبوو - کـە دەکرێ ئەو پۆتانسێڵە بە هێڵ و بەرەی ئازادی و دیمـوکراتی گـەل نـاوزەدی بکـەین - کـە بتوانرایە لەمیانـەی رابـوونێکی شۆڕشـگێڕانەی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازییەوە دژ بە هێزە تــازە بەدەسـەڵات گەیشــتووەکانی باشــوور، تەنگ بـەو دەسـەڵاتە هـەڵچنن و سـنووورداری بکـەن و نـەهێڵن وەهـا ئێسـقان ئەسـتوور و ملهوڕ ببێت. بەڵام ئـەو رابوونـە شۆڕشـگێڕییە

رووینەدا، هۆکاری بنچینەیی ئەمەش ئەوەبوو؛ لـە لایەکـەوە لەبەرامبـەر بـەو پۆتانسـێڵە ئـازادیخوازی و دیموکراتیخوازییـەدا هێـزە دەسەڵاخوازەکان - کە بە "**بەرەی کوردستانی**" ناسراو بوون- زنجیرەیەکی درێـژ و بـەردەوامی تیـرۆری سیاسـی و تەنانـەت کۆمـەڵکوژی گـەورەی دژ بـە نـەیارەکانی بـەڕێوەبرد، بـە گـەلێك شـێواز و رێگـاوە، رێگیریـان لـە پەرەسەندنی ئـەو رابوونـە شۆڕشـگێڕییە کرد. هەرچییەکیان لەدەست هات لەبەرامبەر بە ئـازادیخوازان بێباکانـە کردیـان. تەنانـەت لەمیانـەی خـۆوابەسـتەکردنیان بـە رژێمـە داگیرکـەرەکانی کوردسـتانەوە خیانـەتی زۆر

مـــەزنیان ئـــەنجام داوە، تـــەنیا بـــۆ ئـــەوەی لەدەسەڵاتداریتیدا بمێننەوە.

بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە؛ دەبێ ئەو راستییەش ببینین کە هێڵ و بەرەی ئازادی و دیمـوکراتی گـەل - بەوپـەڕی کرچوکـاڵی و بێبەرنامەیی و ناڕێکخسـتنی و لـە بزربـوونی هـــزر و رۆحـــی شۆڕشـــگێڕی و کەســـێتی شۆڕشـگێڕیدا؛ هەنـدێك هەوڵـدان و کۆشـش هـەبوو، بـەڵام لەبەرامبـەر بـە ئـەژدیهابوونی دەسەڵاتداریتی باشووردا زۆر کزۆڵە و بێچارە بـوون. نـەیانتوانی ئەلتـەرناتیڤی شۆڕشـگێڕی بخەنە بواری کردارییەوە. بێگومان تا هاتووە ئـەو دەرفـەت و زەمینـە بابەتییـە (الظـروف الموضـوعية) بـۆ رابـوونێکی شۆڕشـگێڕی زیـاتر

بووە. ئێستا لەهەموو کات زیاتر زەمینەی بابەتی بۆ بەرپابوونی شۆڕشێکی سیاسی لە باشووری کوردستاندا رەخساوە، بەڵام هەبوونی زەمینە و دەرفەت بۆ رابوونێکی شۆڕشگێڕی تەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی رابوونێك رووبدات. بەڵکو هزر و رۆح و رێکخستن و چالاکی و کەسێتی شۆڕشگێڕیشی پێویستە. هەڵبەتە بەمانەش دەڵێن؛ دۆخی خودی (الظروف الذاتیة). ئەمەش بۆخۆی هۆکارێکی بنچینەیی چەکەرەبوون و گەورەبوونی ئەو گێژاوەیە کە ئەمرۆ خەریکە هەموو بەهایەکی ئەم گەلە هەڵدەڵووشێت.

لێرەوە لەوە تێدەگەین کە؛ ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕی واتا؛ یەکانگیربوون و ئاوێتەبوونی

زەمینەی بابەتی و زەمینەی خودی. لە میانەی یەکبوونی زەمینەی بابەتی و زەمینەی خودیدا ئەوا دۆخی شۆڕشگێڕی دەخوڵقێت و دۆخی بەرپابوونی شۆڕش دەستپێدەکات.

## (8)
## بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕی – یاخیبوونی مەدەنی

لەڕاستیدا؛ یەکێك لە گرفتە هەرە قووڵەکان وێکچواندنی زەبروزەنگە بە شۆڕش، وەك ئەوەی شۆڕش واتا زەبروزەنگ و زەبروزەنگیش واتا شۆڕش. ئەمە بۆخۆی بەلاڕێدابردنی چەمکی شۆڕشە. هەروەها پەیوەست بەم گرفتەوە وێکچواندنی زەبروزەنگە بە بەرگری رەوا (الدفاع المشروع) و بەرەنگاربوونەوەی رەوا (المقاومة المشروعة)یە. وەك ئەوەی زەبروزەنگ بەواتای بەرگری رەوا و بەرگری رەواش واتا زەبروزەنگ. لەبەشەکانی پێشوودا کەمێك لەسەر ئەو گرفتە هۆپێکم

کرد. بەڵام کە مێکی تریش گوفتەکە شیبکەمەوە باشترە.

لە بنچینـــەدا؛ زەبروزەنـــگ (تونـــدوتیژی) ئـــامراز و شـــێوازێکی پـــاوانخوازێتی چینـــی چەوسێنەری دەسەڵاتدارێتی و دەوڵەتگەراییە، شۆڕشیش ئامراز و شێوازێکی چین و ئەتنیك و گەل و نەتەوەی چەوساوەیە. واتا لە ماهییەت و جەوهـــەرەوە لەیەکـــدی جیـــاوازن. لـــە زەبروزەنگـی چەوسـێنەران و دەسـەڵاتداراندا شـــــەڕانگێزی هەیـــــە، لـــــە شۆڕشـــــی چەوساوەکانیشـــــــدا بـــــــەرگری رەوا و بەرەنگاربوونەوەی رەوا هەیە.

زەبروزەنـــــگ چییـــــە؟ کـــــردارە تۆقێنـــەر(تیرۆر)ەکانی چینـــی چەوســێنەر و

ده سه‌ڵاتدارانه. له‌م رووه‌وه هه‌رچییه‌ك چینی چه‌وسێنه‌ر و ده سه‌ڵاتداران بیکه‌ن تۆقاندن و تیرۆره و هیچ په یوه ندییه کی به ئاسایش و به‌رگری نیشتمانی و شتی وه هاوه نییه. هۆکاره که یشی ئه‌وه یه که به مه به ستی چه‌وساندنه‌وه و تالانی و پاوانخوازی و قه ڵه مڕه‌وی ده یکات و رێك پێچه‌وانه‌ی به‌رژه‌وه ندی و خواستی گه‌ل و کۆمه ڵگایه.

ئه‌ی به‌رگری و به‌ره نگاربوونه‌وه‌ی ره‌وا چییه؟ له بنچینه‌دا شۆڕش بۆخۆی به‌رگری و به‌ره نگاربوونه‌وه‌ی ره‌وایه. هه‌ر کاتێك هه‌ڕه شه و مه ترسی کۆیله کردن و کوشتن و توانه‌وه و له‌ناوبردنی خۆت و به‌ها کانت له سه‌ر هه‌بێت، به‌رگری له‌خۆت ده که یت و

چەکیشی لەناودا بەهەموو شێوەیەك بەرگری لەخۆت دەکەیت و بەرەنگاری ئەو هەڕەشە و مەترسییانە دەبیتەوە. واتا شۆڕش دوو ستووندی هەیە؛ بەرگری و بەرەنگاربوونەوە. هەرچییەك لەم چوارچێوەیەدا بکرێت ڕەوایە و هیچ پەیوەندی بە تۆقاندن (ئیرهاب)ەوە نییە. دەبێت لەوە تێبگەین کە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی ڕەوا نەك تەنیا هەر مافێکی ڕەوایە، بەڵکو ئەرکێکی ژیانیی مرۆڤبوون و کۆمەڵگابوون و بەگەلبوون و نەتەوەبوونیشە. ئەگەر نەبێت ئەوا بوونت نامێنێتەوە و نابێت.

هەڵبەتە پێویستە دەرك بەوەش بکەین کە؛ بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانە

هەر تەنیا لەبەکارهێنانی چەکدا چڕ نابێتەوە. بەڵکو هەموو جۆرە رێکخستەبوون و خۆڕێکخستەکردنێك ئامراز و شێوازی شۆڕشگێڕیین. بێگومان خۆڕێکخستەکرن و رێکخستەبوونی چەکدارانەش بەشێکی سەرەکی رێکخستەبوونی شۆڕشگێڕانەیە و بنەمای بەرگری و بەرەنگاربوونەوەیە. بێ رێکخستنبوونی چەکدارانە بەرگری و بەرەنگاربوونەوە بێکاریگەر و بێواتا و شکستخواردووە. پێچەوانەکەیشی هەر راستە؛ واتا تەنیا بەبنەما وەرگرتنی رێکخستەبوونی چەکدارییش بێ ئەنجامە. چونکە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی و چینی باڵادەستی تاڵانکار بەهەموو شێوەیەك و لەهەموو ئاست و

بوارەکاندا خۆی بەرێکخستن و بەدەزگایی کردووە و بێباکانە تاڵانی و قەڵەمڕەویی خۆی بەسەر گەل و کۆمەڵگادا دەکات. دەبێ تۆش بەهەمان شێوە لەهەموو ئاست و بوارەکانی کۆمەڵگادا خۆت بەڕێکخستن بکەیت. ئەگەرنا لەکورتترین ماوەدا شکستت پێدێنت و لەناوت دەبات.

بەڵام ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە؛ دوو خاڵی هەرە لاوازی ئەو دەسەڵاتە تاڵانکارەش هەیە، یەکەمیان؛ خاڵی بەکارهێنانی چەکە لەبەرامبەریدا، دووەمیشیان؛ خاڵی یاخیبوونی مەدەنییە لەبەرامبەریدا. چونکە ئەو دەسەڵاتە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی و ژیانی خۆی و

داروەدەستەکەی لەگەڵ یەکەم قەڵەمبازی چەکدارانە، یان یاخییوونی مەدەنیانەدا بێچارە دەبێ لە پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیدا.

بۆیە لە شۆڕشی سیاسی باشووردا؛ بەرگری ڕەوا و بەرەنگاربوونەوەی ڕەوا بنەمایەکی ژیانییە و نابێت بێ ئەو بنەمایە بیر لە شۆڕش بەرپاکردن بکرێتەوە. هەڵبەتە ئەمەش خۆڕێکخستەکردنی چەکدارانەیشی تێدایە بۆ بەرگری و بەرەنگاربوونەوە لەدۆخی هێرشکاری دەسەڵاتدا. بەڵام پێویستە دەرك بەوە بکرێت کە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی چەکداری تاکە بنەمای سەرەکی و یەکەمی شۆڕش نییە، واتا شۆڕش هەرتەنیا بەرگری و

بەرەنگاربوونـەوەی چەکـداری نییـە. بـەڵکو یـەکێك لـە ئـامراز و شـێوازەکانی بـەرگری و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانەیە.

لێرەوە بپرسـین ئـەی هاوشـانی بـەرگری و بەرەنگاربوونـەوەی چەکـداری ڕەوا چ جـۆر و شێوازێکی دیکەی شۆڕش هەیە کە کاریگـەری خـۆی هـەبێت؟ دەکـرێ بـاس لەیـەکێك لـە گـرنگترین شـێوازەکانی بـەرگری و بەرەنگاربوونـەوەی شۆڕشـگێڕانە بکـەین کـە ئـەویش **"سـەرپێچی مـەدەنی"**یانـە (یـان: یاخیبوونی مـەدەنی - نافـەرمانی مـەدەنی - جـەنگی ناتوندوتیژی)یـە. سـەرپێچی مـەدەنی یەکێك لە کاریگەرترین شێوازی شۆڕشگێڕانەیە بـۆ پاشەکشـەپێکردن و سـنووردانان بـۆ

پــاوانخوازی و تاڵانکارییــەکانی سیســتەمی دەسەڵاتدارێتی، تەنانەت دەکرێ بەم شێوازە و بـە پشـتیوانی بـەرگری و بەرەنگاربوونـەوەی چەکـداری رەوا تـا ئاسـتی گـۆڕینی تـەواوی سیستەمی سیاسـی و بونیادنـانی سیسـتەمێکی سیاسیی دیموکراتی هەنگاو بهاویشترێت.

شێوازی سەرپێچی مەدەنی چییە؟ بریتییە لە خۆپیشاندانی بێچەك و درێژخایەنی خـەڵك لــــە دەرەوەی یاســــا رێگەپێــــدراوەکانی دەسەڵاتدارێتی. واتـا سـەرپێچی لـە یاساکانی دەســـەڵاتدارێتی دەکـــەیت، بـــەڵام بـــەبێ بەکارهێنانی تونـدوتیژی و چـەك. یـان وردتـر بڵێــین؛ خــەڵك دەستپێشــخەر نابێــت لــە بەکارهێنانی چەك و گرتنەبەری توندوتیژیدا.

تەنانــەت نــاوێکی دیکــەی ئــەو شــێوازە ناتوندوتیژیی(اللاعنف)ە، کە بۆ نموونە؛ گاندی لەبەرامبــەر بــە داگیرکــاری ئینگلتــەڕا لــە هیندستاندا گرتیەبەر. لەبنچینەدا **سەرپێچی مــــەدەنی** شـــێوازێکی کاریگـــەرە لــــە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتدارێتی و گۆڕینی دەسەڵات، شێوازێکە لە بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکان و بەدەستهێنانیان.

هەڵبەتە لەم وتارەدا دەرفەتی ئەوە نییە بــاس لــە شــێواز و جــۆر و میکــانیزم و ئەزموونــەکانی ســەرپێچی مــەدەنی بکــەین، بەڵام دەتوانم نموونەیەکی زۆر پڕشنگدار لە مێژووی خودی باشووری کوردستاندا بهێنمەوە کــە چــۆن بــە ســەرکەوتووترین شــێوە

یـــا خیبوونێکی مەدەنیانـــەیان کـــردووە و لەئەنجامیشـــــــدا ســـــــەرکەوتوون و بەئامانجەکەشیان گەیشتوون:

لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردوودا، **"بزووتنـەوەی هەقـە"** وەك بزووتنەوەیـەکی سۆفیگەری، کۆمەڵایەتی، سیاسـی لـە هـەناوی تەریقـەتی نەقشـبەندییەوە لەلایـەن شـێخ عەبدولکەریمی شەدەڵەوە دادەمەزرێت و لـە سلێمانی و کۆیە و کەرکوك و بیتوێن و پشدەر پەرەدەسـەنێت. ئـەو بزووتنەوەیـە نـەیارێکی سەرسـەختی داگیرکـاری ئینگلیزەکـان بـووە، ئینگلیزەکان ئەو بزووتنەوەیان بە مەترسییەکی گـەورە زانیـوە، چونکـە خـاوەن مـەیلێکی دادپـەروەری و یەکسـانی و خۆسـەری بـووە،

هەرچییەکان کوردووە شێخی ئەو بزووتنەوەیەیان بۆ دەستەمۆ نابێت، بۆیە شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە لەساڵی 1934 دەستگیر دەکەن و دەیبەنە کەرکوك. هەروەها لە ساڵی 1944 یش مامەڕەزای برازای شێخ عەبدولکەریم کە لەهەمانکاتدا جێگرەوەی شێخ عەبدولکەریم دەبێت، دەستگیر دەکەن و دەیبنە کەرکوك. لەبەرامبەر بە هەردوو دەستگیرکردنەکەدا هەقەییەکان دووجار بە ژن و پیاو و منداڵەوە بەپێ بەرەو کەرکوك رۆیشتوون، پیاوەکان تەنیا فەردەی گوشیان لەبەرکردووە و هەریەکەو دارقوڵەیەکی پێبووە، بێگومان ئەو رێڕۆیشتنەیان بەپێ و مانەوەیان، جارێکیان لەبەردەم زیندانەکدا و

جارێکیشیان لە نزیك ئاوایی یاروەلی - یەکێك لەو جارانە چالاکییەکەیان سێ مانگ بەردەوام دەبێت - تا شێخەکانیان ئازاد دەکەن، بریتییە لە یاخیبوونی مەدەنی. وەك باس دەکرێ؛ لەهەردوو ڕێپێوشتنیاندا لە هەشت هەزار تا دە هەزار کەس بوونە و لەهەردوو جاریشدا تا شێخەکانی خۆیان ئازاد نەکردووە دەستبەرداری ئەو یاخیبوونە مەدەنییە شۆڕشگێڕییەی خۆیان نەبوونە.

ئەم نموونەیە پێویستی بە شیکردنەوەی زۆر و هەمەلایەنە هەیە. چونکە هەموو تایبەتمەندی و کۆڵەگە و مەرجەکانی "**یاخیبوونی مەدەنی**" یان بە دەستەواژەیەکی دیکە "**جەنگی ناتوندوتیژی**"ی تێدا هەیە، هەم

بەرگرییە و هەمیش بەرەنگاربوونەوەیە، یەکێکە لە سەرکەوتووترین یاخیبوونە مەدەنییەکانی سەدەی رابردوو. کەواتە بۆدەبێ ئێستا سوود لەم شێوازە شۆڕشگێڕییەی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەیە بۆ گۆڕینی دەسەڵاتدارێتی تاڵانکار و تاوانباری باشوور وەرنەگرین؟! بۆ سوود لەو ئەزموونە خۆماڵییە سەرکەوتووەی ساڵانی سییەکان و چلەکانی هەقەکان وەرنەگرین؟! ئەی بۆ ناکرێ سوود لە ئەزموونی شکستخواردووی 17ی شوبات و بایکۆتە سەرنەکەوتووەکەی ئەم دواییەی مامۆستایان و فەرمانبەران وەربگرین؟! بۆ ناکرێ سوود لە چەندین ئەزموونی سەرکەوتوو و شکستخواردووی بزوتنەوەکانی دیکەی

بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانە، کە یاخیبوونی مەدەنی یەکێك لە شێوازەکانیەتی، لە کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوین و دنیا، وەربگرین؟! بۆ ناکرێ سوود لە ئەزموونی ئێستای باکوور و رۆژئاوای کوردستان وەربگرین؟! بۆ ناکرێ خۆمان بۆخۆمان، بەبێ لاساییکردنەوە، ئەزموونێکی نوێ و مۆدێلێکی نوێی شۆڕشگێڕانە بۆ بەرگری و بەرەنگاربوونەوە بخولقێنین؟! بەڵێ، دەتوانین سوود لەهەموو ئەو ئەزموون و مۆدێلانە وەربگرین، چ ئەوانەی سەرکەوتوو بوون و چ ئەوانەش کە سەرنەکەوتوو بوون. بەڵێ، دەتوانین خۆمان ئەزموون و مۆدێلێکی نوێی

شۆڕشگێڕی بئافرێنین. لەڕاستیدا ئەو توانست و زەمینەیەش هەیە!!.

بێگومان بۆ راستینەی دۆخی ئێستای باشووری کوردستان و هەروەها بەهۆی تایبەتمەندێتی تالانکاری، دواکەوتوویی، وابەستەیی بەدەرەوە، شەڕانگێزی و ستەمکاریی دەسەلاتدارێتی باشوور شێوازی یاخیبوونی مەدەنی یان بلێین "**جەنگی ناتوندوتیژی**" بەتەنیا ناتوانێت گۆڕینی ریشەیی لە سیستەمی دەسەلاتدارێتی بکات و سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی بونیاد بنرێت. هەروەها دەسەلاتدارێتی باشوور بە زەبری چەك و داپڵۆسین و تۆقاندن و راگەیاندنی چەواشەکار و سەرمایەی تالانکارەوە خۆی

له‌سه‌رپێ راگرتووه‌، ئه‌گه‌رنا هیچ ره‌وایه‌تییه‌کی سیاسی و یاسایی و ئه‌خلاقی و نه‌ته‌وه‌یی و نیشتمانیی نییه‌. بۆیه‌ پێویست ده‌کات لێبڕاوانه‌ شێوازه‌كه‌ی دیكه‌ی به‌رگری و به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی ره‌وا له‌ دۆخی پێویستدا، هاوشانی شێوازی یاخیبوونی مه‌ده‌نی بگیردرێته‌به‌ر و هه‌ردوو شێوازه‌كه‌ به‌شێوه‌یه‌كی هاوسه‌نگ و هه‌ماهه‌نگ و یه‌كتر ته‌واوكار به‌یه‌كه‌وه‌ په‌یڕه‌و بكرێت. له‌ كوێ و له‌ چ قۆناخێكی ئه‌و شۆڕشه‌دا كامه‌ شێواز زیاتر رۆڵی خۆی ده‌بینێت، ئه‌وا ئه‌و شێوازه‌ بیردرێته‌ پێشه‌وه‌ و زه‌ق بكرێته‌وه‌. به‌ڵام باوه‌ڕم وایه‌ هیچیان بێ ئه‌ویتریان نابێت. مسۆگه‌ر له‌دۆخی ئێستادا له‌ده‌ره‌وه‌ی ئه‌و دوو

شـــێوازە بـــۆ گۆڕانکـــاری شۆڕشـــگێڕی و وەرچـــەرخانی دیموکراتیانـــەی سیســـتەمی دەسەڵاتدارێتی باشوور، هەموو شێوازەکانی دیکەی وەکو؛ لەڕێی هەڵبژاردنە ساختەکان، چالاکییە پاسیڤەکان، لێدوان و پاڕانەوە و شێوازە بێکاریگەرەکانی دیکە خۆخەڵەتاندنن و کات بەفیڕۆدانن.

## (9)
## پۆلینکاری رەوتەکان - لە دەروازەی شۆڕشدا

مسۆگەر شۆڕش بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بەرپا دەبێت، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕییش بە کەسێتی شۆڕشگێر سەرهەڵدەدات، کەسێتی شۆڕشگێڕیش بە هزر و گووتە و کرداری شۆڕشگێڕییەوە دەبێتە شۆڕشگێڕ و پێشڕەوێتی شۆڕش دەکات. هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی کاتێك وەڵامدەرەوەی دۆخە بابەتییەکە بێت و وەك فاکتەرێکی خودی (عامل ذاتي) ببێتە خاوەن هزر و پارادایم و ستراتیژ و تاکتیك و شێوازی شۆڕشگێڕانە، ئەوا توانستی لەئەستۆگرتنی

پەیام و ئەرك و ئامانجەکانی شۆڕشی دەبێت. بەمەش دەبێتە بزووێنەری گەل و کۆمەڵگا و جێی متمانە و باوەڕی و هیوایان و وەك ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانە لە مەیدانەکاندا لە بەرگری و بەرەنگاربوونەوەدا دەبێت.

بەڵام وەك راستییەکی نەشاراوە؛ لە کۆمەڵگای باشووردا - وەك هەر کۆمەڵگایەکی دیکە - فرە رەوت و فرە ئاراستەی هزری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە. چ لە رووی بنەمای هزری و داخوازی و ئامانجەکانیان، چ لە ڕووی تایبەتمەندییەکان و چەندایەتی و چۆنایەتیاندا جیاوازییان تا رادەی ناکۆکی و دژبەری یەکتریش لە ئارادا هەیە. بەڵام زۆربەی ئەو رەوتانە نەیاری

دەسەڵاتدارێتی باشوورن، زیاتمەندی سەرەکی دەستی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارەن. ئەو رەوتانە بە گشتی بنەما و بۆچوون و پڕۆژەی هزری و سیاسی و کۆمەڵایەتییان بۆ کۆمەڵگا لاوازە - ئەو پڕۆژانەیان چەندە لەگەڵ واقیع و راستینەی کۆمەڵگاش یەکانگیر دەبێتەوە، ئەمە بۆخۆی مژارێکی دیکەیە - بەڵام گرفتی یەکتر راست خوێندنەوە و یەکتر پەسندکردنیان هەیە، دەستبەرداری دووژمنی سەرەکی خۆیان بوونە و بەگژیەکتردا دەچن، تەنانەت دەسەڵاتدارێتی بەئەنقەست ئاگری فیتنەیی نێوان ئەو رەوتانە خۆش دەکات و دژ بەیەکتر بەکاریان دێنێت. بۆیە وزەیەکی زۆری خۆیان

بەو گێرمە و دەمەقاڵەیەی نێوانیان بەبا دەدەن.

دەبێ جەخت لەسەر ئەو راستییەش بکەمەوە کە یەك رەوت لەم رەوتانە بەتەنیا ناتوانێت کۆی ئەرکی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی جەماوەری فراوان لە ئەستۆ بگرێت، بەڵکو باوەڕم وەهایە کە ئەو رەوتانە هەموویان بەیەکەوە، دەتوانن لەچوارچێوەی ستراتیژ و کارنامەیەکی شۆڕشگێریی هاوبەشدا، ببنە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی جەماوەری سەرکەوتوو. کەواتە ئەو رەوتانە کامانەن کە هەم نەیاری دەسەڵاتدارێتی باشوورن و هەمیش خۆیان کردۆتە نەیاری یەکتر؟! تا چەند ئەو رەوتانە دەتوانن ببنە هەوێنی

بزووتنەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕی جەماوەری دژ بـــە دەســـــەڵاتدارێتی باشــــوور - لەپاشەڕۆژیشــدا ئەگــەری هەیــە دژ بــە دەسـەڵاتدارێتی ئێـراقیش بێـت - دەست بـە بــەرگری و بەرەنگاربوونــەوەی شۆڕشــگێڕی بکات و تا گەیشتن بە ئامانج و داخوازییەکانی گــەل لـــە تێکۆشـــانی ئـــازادیخوازی و دیموکراتیخوازیدا بەردەوام بێت؟!.

زۆر بـە کـورتی و بـەپووختی هەوڵدەدەم قسە لەسەر ئەو رەوتانە بکـەم کـە پۆتانسێلی شۆڕشـگێڕییان تێدایـە - هەڵبەتـە نـەك تـەواو شۆڕشـگێڕ بـن - و دەتـوانن ببنـە بەشـێك لـە بزووتنـــــــەوەی بەرەنگاربوونـــــــەوەی دەسەڵاتدارێتی باشوور:

**1. ڕەوتی نەتەوەیی دیموکراتی:** ئەم ڕەوتە بەشێکە لە بزووتنەوەی پەکەکە و هەوڵدەدات بە هزر و پارادایمی ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان تێکۆشانی خۆی بگەیەنێتە ئەنجام. ئەم ڕەوتە لە باشووردا لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانەوە سەریهەڵداوە و پەرەیسەندووە و تا دێت لە برەو و گەشەسەندن دایە. خاوەن فەلسەفە و پارادایم و هێز و جەماوەری تایبەت بەخۆیەتی، بە میکانیزمەکانی (پەروەردە، ڕێکخستن، چالاکی) کاردەکات. باوەڕمەندە بە گۆڕینی شۆڕشگێڕانە و دیموکراتیانەی دەسەڵات و بونیادنانی خۆبەڕێوەبەرێتی دیموکراتی لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵی

دیموکراتی، لەبری دەسەڵاتدارێتی ستەمکار و ناوەندکاری ئێستای باشوور. ئەم ڕەوتە خاڵی بەهێزی زۆرە بۆ بوون بە ڕەوتی هەرە کاریگەری شۆڕشی سیاسی باشوور. بەڵام هێشتا کێشەی خۆناساندن و بەکرداریکردنی دروستی هزر و پارادایمی بۆ جەماوەر هەیە.

2. **ڕەوتی نەتەوە – دەوڵەت:** ڕەوتێکە هێشتا لە ژێر کاریگەری ئەوەی پێیدەگوترێ "**میللیگەرای سەرەتایی** یان "ناسیۆنالیزم – کوردایەتی کلاسیك" دایە و پێی وایە دەسەڵاتدارێتی کوردی – کە مەبەستی دەوڵەتی کوردییە - چارەسەرە بۆ دۆخی ئێستای باشوور، بێئاگا لەوەی ئەوە ئەو ئەقڵییەتی دەسەڵاتدارێتی و دەوڵەتچێتییە یە

کە هەموو باشووری تاڵان کردووە و بەم و بەو دەیفرۆشێت. ئەوەی لە ڕەوتی دەسەڵاتخوازێتی جودای دەکاتەوە بیرکرنەوەی نەتەوەیی و کوردستانیانەیانە و هاوسۆزن لەگەڵ بەرخۆدان و مۆدێلی شۆڕشی باکوور و ڕۆژئاوا. ئەگەر خۆ لە ئەقڵییەتی میللیگەرای سەرەتایی رزگار بکەن دەتوانن ببنە ڕەوتێکی زۆر بەهێزی بزووتنەوەی دیموکراتی و ئازادیخوازی لە باشووردا.

**3. ئەتنیك و باوەڕییە جوداکان:**

بێگومان لە باشووردا هاوکات لەگەڵ گەلی کوردی موسڵمانی سوونەی کرمانجی سەروو و کرمانجی ناوەڕاست (کە بەهەڵە سۆرانی و بادینیشی پێدەڵێن) کە باڵادەستییەکی هەیە،

چەندین نەتەوە و ئایین و ئایینزا و تەریقەتی جودا لەیەکتر هەن (وەك كوردانی شیعە، شەبەك، ئێزیدی، كاكەیی - هەروەها ئەوانەش کە بە زاراوەی هەورامی و کەلهوڕی دەدوێن - تورکمان، دیانەکانی ئاشووری و سریانی و کلدان و ئەرمەنی). هەر هەموویان زیاتر ئەندی دەستی ئەو دەسەڵاتەی باشوورن. هەڵبەتە لەناو سوونەشدا تەنیا سوونیگەرایی سەلەفی و ئیخوانییەکان لەو دەسەڵاتە سوودمەندن. بەڵام هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوور لەرێگەی چینی باڵادەستی ئەو ئەتنیك و نەتەوە و ئایین و ئایینزایانەوە بەشێوەیەکی زۆر ستەمکارانە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان - بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردنە ساختەکارییەکاندا – بەکاریان

دەبەن. بەڵام خەڵکە هەژار و چەوساوەکەیان باجی ئەو رێککەوتن و هاوپەیمانێتییەی نێوان چینی باڵادەستی کورد و چینی باڵادەستی ئەو ئەتنیك و باوەڕییە جودایانە دەدەن. خاڵی بەهێزیان ئەوەیە کە خۆیان لە دەسەڵاتدارێتی بەدوور گرتووە، هەندێکیشیان پەڕاگەندەی هەندەران بوونە.

4. **چەپ و کۆمۆنیستەکان:** ئەم رەوتە مێژوویەکی دێرین و شکۆداری بەرخۆدانییان هەیە لە باشووردا. بەڵام بەهۆی ئەقڵییەتی دۆگمایی رەوتەکە بەگشتی و بێکارەکتەری و دەسەڵاتخوازێتی برێك لە سەرکردەکانیان بەتایبەتی، لەبەهێزترین رەوتی کوردستانەوە بوونەتە لاوازترین رەوت. لە ساڵانی دوای

راپەڕینەوە دەکرا بە وازهێنانیان لە دۆگماتیزم و شەقهەڵدان لە سەرکردە مشەخۆرەکانیان ببنە بە هێزترین بزووتنەوەی ئازادی و دیموکراتی لە باشووردا. بەڵام ئەو وەرچەرخانە دیموکراتییە پێویستەیان ئەنجام نەدا و بەبێ هیچ رەخنە و رەخنەدانێك مەیدانی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازییان وەك رێکخستن بەجێهێشت و لە سێبەری دەسەڵاتەوە بەتەحەفووزەوە بێباکانە لێی دەخۆن. کە سێتییە دژە دەسەڵاتدارەکانی نێو ئەم رەوتە دەتوانن بەسوودوەرگرتن لە میراسی مەزنی رەوتەکەیان خزمەتێکی بەرچاو بە رەوتی دیموکراتی و ئازادیخوازی بکەن. ئێستا رەوتێکی نوێی چەپ و کۆمۆنیستی لەبرەو

دایە، ئەگەر وانە لە ئەزموونی نەوەد ساڵەی ئەم ڕەوتە وەربگرن و بەدوور لە ئەقڵییەتی دۆگمایی و کارەکتەرە هەلپەرست و لومپەنەکان، بە پارادایمێکی نوێی چەپڕەوی و کۆمۆنیستییەوە دەتوانن ببنە یەکێك لە بەهێزترین ئەو ڕەوتانەی لە شۆڕشی ئازادی و دیموکراتی باشووردا ڕۆڵگیر بن.

5. **ئیسلامییە دیموکراتیخوازەکان:** لە نێو ئیسلامییەکاندا دوو ڕەوت هەیە: یەکێکیان ڕەوتێکی دەسەڵاتخوازی وابەستەیە کە خۆی لە ئیخوانییەکان و سەلەفییەکاندا دەبینێتەوە و بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتی باشوور و دەوڵەتانی هەرێمەکەوە بەگەڕ خراون و لەبازنە و ئەجندای ئەو

دەوڵەتانە و دەسەڵاتی باشووردا دەسورێنەوە، بێگومان بەهەندێ منگەگمن و گللەیی و عیتابی عەبد بۆ عابدی خۆی بەردەوام موغازەلەی دەسەڵاتی کردووە و لەسایەیدا زل بووە. هەڵبەتە بە هەڵە پێیاندەگووترێت "**ئیسلامی سیاسی**"، لەبنچینەدا ئەوانە ئیسلامی دەسەڵاتخوازن، بەهەردوو باڵە میانڕەو و توندڕەوەکەیەوە. چینی باڵادەستی نێو تەریقەتی نەقشبەندی و قادری و تەریقەتەکانی دیکەش هەر لەو ئیسلامییە دەسەڵاتخوازانەن کە لەدەرەوەی ڕێکخستنە ئیسلامییەکاندا خزمەت بە دەسەڵاتی باشوور دەکەن و دەسەڵاتی باشووریش لەخزمەتیان دایە، بێگومان لەدەرەوەی خەڵکە رەشووڕووتە

ئیمانـدارە دڵسـافەکەی دەوری تەریقەتـەکان. ئیسـلامی راسـتەقینە لای ئـەوان ئیسـلامی خەلیفـەکانی ئەمـەوی و عەباسـی و سوڵتانەکانی عوسمانی و شایەکانی سەفەوییە. بـەڵام رەوتـی دووەمیـان؛ رەوتێکـی ئیسلامی دیموکراتییە و ئیسلام وەك باوەڕی و کولتـوور دەبینێـت، نـەك وەك ئایـدیۆلۆژیای دەسەڵاتدارێتی. ئەم رەوتە بریتییە لـە ئاراسـتە تەسـەوفییەکانی دەرەوەی "چینـی باڵادەسـتی نەقشـبەندی و قـادریی نزیـك بـە دەسـەڵات"، بـانگخوازە ئازادیخوازەکـان، روونـاکبیر و کەسـێتی ئـازادیخواز و زۆرینـەی خەڵکـە باوەڕمەندە سادەکەن کـە ئینتیما و بـاوەڕیی ئایینیـان بەربەسـتە لـەوەی لەگـەڵ ئـەم

دەسەڵاتە لومپەنەدا تەبا بن. بۆیە ناتەبا و نەیاری ئەم دەسەڵاتەن. بەڵام پەرشوبڵاو و بێ رێکخستنین. ئەگەر ئەم رەوتە دیموکراتیخوازە ئیسلامییە خۆی بگەیەنێتە ئاستی رێکخستەبوونێکی بەدوور لە رێکخستنە سەلەفی و ئیخوانییەکان و چینی باڵادەستی نێو تەریقەتەکان، ئەوا دەتوانن ببنە یەکێك لە کاریگەرترین رەوتی نێو بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازیی باشوور و پێگەیەکی گرنگ لە داهاتووی سیاسەتی دیموکراتی باشووردا بەدەستبهێنن.

**6. لیرالیستە دیموکراتیخوازەکان:**

لە نێو لیبراڵەکانیشدا دوو رەوت هەیە؛ رەوتێکیان لەناو دەسەڵات دایە و خەریکی

تاڵانکاری و هەڵلوشینی سەرمایەی گشتی ئەم وڵاتەن و پێیان وایە دەبێ باشوور ببێتە ناوەندێك نەك هەر بۆ تاڵانکردنی خودی باشوور، بەڵکو ببێتە ناوەندێکیش بۆ تاڵانیی سەرجەم خۆرهەڵاتی ناوین. ئەم رەوتە رەوتێکی وابەستە بەدەرەوەیە و کارەکتەرێکی لومپەنی هەیە و بێباکانە خەریکی قەڵەمڕەوی و فراوانکردنی بازاڕی ئازادی تاڵانکارییە. رەوتێکی دیکەی لیبرالیستەکان هەیە کە بریتیین لە لیبراڵیستە دیموکراتیخوازەکان، ئەوانە پێیان وایە دەکرێ بە ئاوێتەکردنی لیبرالزم و دیموکراتی گۆڕانکاری دیموکراتیانە بێتەدی و سیستەمێکی سیاسی دیموکراتی لیبراڵ بونیادبنرێت. گرفتی ئەم رەوتە ئەوەیە

دەرك بـەوە ناكـات كـە لـەم وڵاتـەدا تـەنیا دەسـەڵاتدارێتی پـاوانخواز خـۆی بـەدەزگا و سیستەم كردووە، ئەگەرنا دیموكراتی نە بە دەزگا بووە نە بۆتە سیستەم. ئەوەی لە باشوور پێـی دەگـووترێ پەرلـەمان و حكومـەت و دادوەری هـەر هـەمووی بـەدەسـت چینێكـی تاڵانكاری قۆرخكارەوەیە و دەسەڵاتێكی قووڵی شاراوەی ئەختەبووتییە و بەقەد یەك گەردیلە باوەڕی بە ئازادی و دیموكراتی و دادپـەروەری و یەكسـانی و ئاشـتی نییـە. كۆمـەڵگاش هـیچ میكانیزمێكی دەستووری، سیاسی، دەزگایی بـۆ نەهێڵراوەتەوە تا لەگەڵ دەسەڵاتدا لە دیالۆگ - ململانێـدا بێـت. دیمـوكراتی تـەنیا لـەوەدا بەرجەستەیە كـە راشـكاوانە تـاڵانیی دەكـەن و

پەرنسیپی **"لێگەڕێ با بڕوا، لێگەڕێ با بیکات"**ی لیبراڵەکان تەنیا لە تاڵانکاریدا بەرجەستە دەکەن، نەك لە بەدیهێنانی پانتاییەکی ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری و یەکسانیدا. ئەگەر ئەم رەوتە لیبراڵیستە دیموکراتیخوازە خۆی لەوەهەمە کوشندەکانی نیۆلیبرالزم و سیحری مۆدێرنیتەی سەرمایەداری رزگار بکات و بەرۆحی رەخنەگرانەوە لە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی سەرمایەداری بڕوانێت ئەوا دەتوانێت ببێتە یەکێك لە رەوتە چالاکەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازی باشوور و لە بونیادنانی سیستەمی سیاسی دیموکراتی باشووردا رۆڵگێر ببێت.

7. **ئه‌نارکیســــــته‌کان:** ره‌وتێکــــــی ئازادیخوازن لـه باشـووردا زیـاتر لـه کـوردانی هه‌نده‌رانـدا گه‌شـه‌ی کـردووه. وێڕای ئـه‌وه‌ی سروشــتی ئـه‌م ره‌وتـه دژه دۆگماییـه، بـه‌ڵام کاریگــه‌ری پــه‌تای دۆگمایــی چــه‌پڕه‌وێتی کلاسـیکی هێشــتا به‌رنــه‌داوه. یـه‌کێك لـه‌و ره‌وتانه‌یه که توانستی به‌شداربوونێکی چالاکی هه‌یـه لـه شۆڕشـی ئـازادی باشـووردا. خـاڵی به‌هێزی ئه‌م ره‌وتـه ئه‌وه‌یـه کـه هه‌میشـه دژه ده‌سـه‌ڵاتدارێتییه به‌هـه‌موو جۆره‌کانییـه‌وه و سـه‌نگه‌ری ئـازادیخوازی بـه‌رنادات، خـاڵی لاوازیشی ئه‌وه‌یـه کـه لـه‌بری رێکخسـته‌بوونی کۆمـه‌ڵگا، تـه‌نیا کـار له‌سـه‌ر تـاك ده‌کـات. مسۆگه‌ر ئه‌م ره‌وته ده‌توانێت رۆڵێکی بـه‌رچاو

لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازی باشووردا ببینێت.

8. **فێمێنیستەکان:** ئەم رەوتە هێشتا لە کوردستاندا سیما و شێوەی خۆی وەرنەگرتووە، لە ئاستی کەسەکاندا ماوەتەوە، نەگەیشتۆتە ئاستی رێکخستنی خاوەن دید و بۆچوون و چالاکوانێتی بەردەوام، هێشتا لە چاوی فێمێنیستییەوە کۆمەڵگای باشوور وەکو پێویست شینەکراوەتەوە. بەڵام تا رادەیەك چالاکوانێتییەك هەیە و لە برەودایە. کاتێك چالاکوانانی ئەم رەوتە لەوە یەکلایی ببەنەوە کە بەڕاستی **"شۆڕشی باشوور شۆڕشی ژنی ئازادیخوازە"** ئەوا مسۆگەر ئەم رەوتە یەکێك لە

هەرە کاریگەرترین ڕەوتەکانی نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی باشوور دەبێت.

9. **ژینگەپارێزان:** سەرەڕای مەزنترین پرۆسەی تێکدانی ژینگە لەلایەن دەسەڵاتی دژە سروشتی باشوور، کەچی بزاڤی ژینگەپارێزی لاوازترین ڕەوتێکە لە باشووری کوردستاندا. نەهوشیاری ژینگەیی و نە چاندی ژینگەپارێزی و نەڕێکخستنی ژینگەپارێزان و نە چالاکوانێتی ژینگەپارێزی وەکو پێویست گەشەی نەکردووە. دەکرێ ژینگەپارێزان ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لە خستنەڕووی سیاسەتی دژەژینگەیی دەسەڵاتدارێتی باشوور و ببنە بەشێك لە بزووتنەوەی دیموکراتیخوازی باشوور.

**10. عەلمانییەکان و ئەتایستەکان:**

زۆربەی عەلمانییەکان و ئەتایستەکان لەهەمانکاتدا لەنێو رەوتی چەپ و کۆمۆنیستەکان دان، بەڵام وەك رەوتێکی فیکری نەبۆتە خاوەن سیمای دیموکراتیانەی خۆی، ئەوەندەی بە دژبەرێتی قەبای ئایینەوە خەریکە، ئەوەندە لەهەوڵی خستنەرووی بنەما دیموکراتییەکانی عەلمانییەتەوە نییە، ئەوەندەی خەریکی بەئایینکردنی عەلمانییەتە - بێگومان بەهۆی تووشبوونی بە پەتای دۆگماتیزمەوە - ئەوەندە کۆڵەگە دۆگماییەکانی سیستەمی دەسەڵاتدارێتی نابینێت، دژبەرێتی دەسەڵاتگەرێتی ناکات و خوازیاری ئەوەشە ئەو دەسەڵاتدارێتییە

پیرۆزکـــراوەی باشـــوور دژ بـــە ئـــایین بوەستێتەوە!!، ناتوانێ لەوە تێبگات سیستەمی دەسەڵاتدارێتی بۆخۆی بەرهەمی ئەقڵییەتی دۆگمابیـــە، بێئاگایـــە لـــەوەی سیســـتەمی دەســـەڵاتدارێتی و دەوڵەتگـــەرایی لـــە زەقوورەکاندا چەکەرەی کردووە و لەمنداڵدانی پەرســـتگاکاندا گەشـــەی کـــردووە و پـــەتی پەرستگاکانیش وا بە ستووندەکانی نێو کۆشك و ســەراکاندا گرێــدراوە و دەســەڵاتدارێتی – بەدەوڵەتیشەوە - و ئایینگەرایی - نەك ئایین - جمکانەی یەك زگن و یەك دایك و باوکیان هەیە کە دۆگماتیزمە. کە دژبەری ئەمیان بیت، پێویست دەکات دژبەری ئەوەیتریشیان بیت، خۆ ناکرێ لەپەنای ئەمیانەوە تیر بهاوێژیتە

ئەوە یتریانــــەوە!!. ئەگـــەر عەلمانییـــەکان و ئەتایستەکان بەگشـتی، بـەبێ ئـەوەی بخزێنـە نێو تەڵەزگـەی دۆگماتیزمـی پۆزەتیفیسـتییەوە، هـەم دژبـەرێتی دۆگماتیزمـی ئاییںگـەرێتی - نەك ئایین - و هـەمیش دژبـەرێتی ئەقڵییـەتی دەسـەڵاتدارێتی بکـەن، ئـەوا مسـۆگەر رەوتەکـەیان دەتوانێـت ببێتـە کاریگـەرترین رەوتـی نێـو بزووتنـەوەی ئـازادیخوازی و دیموکراتیخـوازی باشـوور و بونیادنـانی سیستەمێکی دیموکراتی.

11. هیومانیستەکان و وجودییـەکان و پووچگەراکان: ئەم رەوتانە هەرچەنـدە رەوتـی لەیەك جیاوازن، بەڵام بەگشتی ئەوەندەی وەك مـەیل هــەن، ئەوەنــدە وەك هــزر و

بەرجەستەکردن شێوەیان وەرنەگرتووە و نەبوونەتە جولانەوەیەکی هزری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگا. واتا لەدۆخی دەستەبژێری (نوخبەیی) دەرنەچوون و زیاتر لە قاوخی مۆدێلگەری ولاساییکردنەوەدا خۆیان دەبیننەوە. دەکرێ رۆحی مرۆڤدۆستی و یاخیبوونی ئەو رەوتانەش سوودمەند بن بۆ هەڵکشانی رۆحی یاخیبوونی شۆڕشگێری و دیتنی ژیان بە روانگەی جیاوازەوە.

پێویستە سەبارەت بەم پۆلینکارییەی رەوتەکان ئەوە بخەمەڕوو کە؛ ئەو پۆلینکارییە رەها و لێبڕاوانە و کۆنکریتی نییە، بەڵکو زیاتر بۆ تێگەیشتنە لە ماهییەتی جولە و مەیل و هزر و چالاکوانێتی رەوتەکان لەناو کۆمەڵگادا،

ئەگەرنا ئەو ڕەوتانە ئەوەندەی لەناویەکتر و تێکهەڵکێشی یەکترن، ئەوندە بە لێبڕاویی دووری یەکتر نین. لەلایەکی دیکەشەوە؛ چەندین کۆتێز(ترکیبة)ی ئەو ڕەوتانەش هەن کە بەناویەکتردا ئاوێتەبوون و پێکهاتەی دیکەیان لێدروست بووە.

هەڵبەتە لەوانەیە ڕەوتی دیکەش هەبن و من دەرکم پێیان نەکردبێت، لەوانەشە لە پێناسە و هەڵسەنگاندنم بۆ هەر یەك لەو ڕەوتانە کەموکوڕی و هەڵەی تێدا بێت، بەڵام لەوەیاندا مکوڕم کە هەموو ئەو ڕەوتانە بەشێوەیەك لە شێوەکان، بە ئاست و ڕادەی جیاواز دەتوانن ڕۆڵی شێلگیرانە ببینن لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازی

باشوور و لەبەرپابوونی شۆڕشێکی سیاسی دژ بە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی باشووردا. هەروەها رۆڵێکی مەزن ببینن لە دژبەرێتی سیستەمی کۆمەڵایەتی دواکەوتووی تەڵەزگەئاسای کۆمەڵگای باشووردا.

پێم وایە؛ شۆڕش چەندە لەدژی ئەو سیستەمە دەسەڵاتدارێتییە ستەمکارەی باشوور پێویست و ژیانییە، ئەوەندەش دژ بە سیستەمی دواکەوتووی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا پێویست و ژیانییە و لەبەرامبەر بە هەردوو سیستەمدا شۆڕش بەرپاکردن واتا مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی شۆڕش، بەبێ ئەوەی دەرفەت بە "**شۆڕشی چەواشە**" بدرێت لەسێبەری شۆڕشی ئازادیدا خۆی بشارێتەوە و

دواتر بەلاڕێیدا ببات. بۆیە تێگەیشتنی هەرە ڕاست ئەوەیە کە؛ **شۆڕشی ئازادی** مۆرك و سیمای سیاسی و کۆمەڵایەتی لەخۆوە بگرێت و تێکهەڵکێش و ئاوێتەی یەکتر بکرێن. چونکە هەردوو سیستەم خواردن بەیەکتر دەدەن و یەکتر دەپارێزن و یەکتریش دەهێڵنەوە. بۆیە ڕاوەستانەوە لەبەرامبەر بەهەردووکیان واتا شۆڕش بە ڕاستەڕێی خۆیدا دەڕوات.

لەڕووی چینایەتی و توێژاڵییەوە؛ مسۆگەر خەڵکی هەژار و چەوساوە و ڕەنجدەر، وەك چینی هەرە زۆرینەی کۆمەڵگا، بەشداری هەرە سەرەکیین لە شۆڕشی ئازادیدا. چونکە چینی هەرە زیانباری دەستی چینی دەسەڵاتداری مشەخۆری کوردە. بەڵام لەنێو ئەو چینە

چەوساوەدا ژنان و گەنجان ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەبینن لە شۆڕشی ئازادیدا. گەنجان و ژنان کە زۆرینەی کۆمەڵگا پێکدێنن، زۆرترین ستەمکارییان لەبەرامبەردا کراوە. دەسەڵاتدارێتی باشوور لەبنەڕەتدا دەسەڵاتدارێتییەکی پیاوسالاری پیرسالارە، هەرچی ژنکوژی ئەم وڵاتە هەیە دەسەڵاتدارێتی داڵدەی داون و دەیانپارێزێت. چونکە ئەو ژنکوژانەش ئەو دەسەڵاتە بەهی خۆیان دەزانن و هەر هی ئەوانیشە. ئەو دەسەڵاتەش دەزانێت تەنیا ژنکوژ و دز و تاڵانکارەکانن دەیپارێزن، بۆیە ئەویش دەیانپارێزێت.

ئەگەر ئەمڕۆ گەنجانی باشوور لەم دۆخە پڕ لە تراژیدییەدا ژیان دەگوزەرێنن، ئەوا مسۆگەر دەسەڵاتدارێتی باشوور و کۆمەڵگای دواکەوتوو و داخراوی باشوور و ئەو لومپەنیزمەی لەڕێی مۆدێل و کولتووری لیبرالیزم و نیۆلیبرالیزمەوە هاوردەی باشوور کراوە، رۆڵی بنچینەییان هەیە لە بەتراژیدیاکردنی ژیان و خەونی گەنجان. بۆیە دووژمنی سەرسەختی ژنان و گەنجان دەسەڵاتدارێتی باشوور و سیستەمی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو و لومپەنیزمی سەرمایەدارییە. گەنجان و ژنان دەتوانن لەمیانەی پێشڕەوێتیکردنیان بۆ شۆڕشی ئازادی، سەرکەوتنی شۆڕش مسۆگەر بکەن و

نەهێڵێن بە ئاراستەی دەسەڵاتخوازێتی و دژە شۆڕشی بڕوات. چونکە لەبنچینەدا ژنان و گەنجان خاوەن رۆحی دژە دەسەڵاتدارێتیین و هەرە زێدە ئاشقی ئازادی و لێگەڕینی حەقیقەتن. ئیدی بەهەڵەدا ناچین ئەگەر بڵێین؛ پێشەنگانی شۆڕشی ئازادی؛ ژنانی ئازاد، گەنجانی هوشیار، هەژارانی رێکخستوون.

هەڵبەتە چینی ناوینیش بەهۆی ئەوەی لەم دواییەدا لەلایەن ئەو دەسەڵاتە پاوانخوازەوە مەزنترین زەبری بەرکەوتووە و ژیان و گوزەران و خەون و خەیاڵی ئەو چینەی سەروبن کردووە، لە چینێکی خۆشگوزەرانەوە بەرەو ریزی چینی هەژارانی راپێچ کردووە. ئیدی ئەمڕۆ چەکدارانی

دەسەڵات - بە هەموو جۆرەکانییەوە - لەگەڵ فەرمانبەران و مامۆستایان و کاسبکارانی مامناوەندی، ئێستا لە دۆخێکی تابلێی دژواردا دەژین و چەندە لە کارەکتەر و خەون و خەیاڵی خۆیاندا بۆرژوای بچووك یا ناوەڕاست بن، بەڵام لە ژیان و گوزەراندا تەواو لە هەژاریدا دەژین و زۆر ناڕازین بەم دۆخە. بۆیە ئەو چینە پێی وایە دەسەڵاتدارێتی باشوور بێئومێدی کردوون و ستەمیان لێدەکات و درۆیان لەگەڵدا دەکات، هەڵبەتە ئەمە خۆی سروشتی دەسەڵاتدارێتییە، بەڵام ئەو چینە لەم دۆخەدا تازە دەرك بەو راستییە دەكات. بێگومان ئەمەش سەرەتایەكی گرنگە بۆ ئەوەی ئەو چینەش هەر هیچ نەبێ بۆ

گەڕاندنەوەی پێگەی چینایەتی خۆی - کە لە سـێبەری دەسـەڵاتدارێتیدا و لەمیانـەی خزمەتکودنی بە سیستەمی دەسەڵاتدارێتی، وەك مووچـەخۆرێك، ژیـان و گـوزەرانێکی مامناوەنـدی بـۆ مسـۆگەر دەکـات - و بـۆ خۆشگوزەرانی خۆی، بەشداری لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی و دیموکراتیخوازی بکات و ببێتە جەماوەرێکی ناڕازی و پشتیوان و هاندەر و بەشدار لە شۆڕشی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

بێگومان ئەو چینە بەهۆی تایبەتمەندێتییە رارایـی و هەلپەرسـتی و بەرژەوەندیخوازییەکەیەوە لەوانەیە تا سەر و لەهەموو ئاستەکاندا نەتوانێت لە شۆڕش و لەبەرامبەر بـە دژواریـی ئاستەنگییەکانی

بەردەم شۆڕش لە هەندێ قۆناخ سڵ بکاتەوە، بەڵام لە ئانی سەرکەوتنی شۆڕشیشدا زۆرترین هەیەجان و شاگەشکەییبوون دەردەبڕێت و هاوکات لەگەڵ خۆ بەخاوەنکردن و پشتیوانیکردنی لە سەرکەوتنی شۆڕشدا، لە هەولّی ئەوەشدا دەبێت تا پێگە چینایەتییەکەی خۆی زیاتر هەڵکشێنێتە سەرووتر و باڵاتر، ئەگەر ئەمەیشی دەست نەکەوێت، ئەوا هەوڵدەدات هەر هیچ نەبێ پێگە چینایەتییەکەی خۆی بەدەستبێنێتەوە.

لێرەدا دەمێنێتەوە توێژی رۆشنبیران - بەواتا بەرتەسکەکەی دەستەواژەی رۆشنبیر - کە ئایا تاچەند دەتوانن رۆڵگیر بن لە بزووتنەوەی ئازادیخواز و دیموکراتیخوازانەی

باشوور و به‌شداربوون له شۆڕشی كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسیدا؟! ئه‌م تویژه له‌نێوان دوو ره‌وتی ناكۆك به‌یه‌كدا پۆلین بوون، ره‌وتێكیان: له‌بازنه‌ی ده‌سه‌ڵاتدارێتیدا ده‌خولێته‌وه و بۆته ئه‌ندازیار و پارێزوان و پینه‌چی و ره‌واده‌ری ئه‌و ده‌سه‌ڵاته ملهوڕه و ئه‌مه‌ش به ئه‌رك و به‌رپرسیارێتی خۆی ده‌زانێت، له‌ژێر بیانوو و هه‌نجه‌تی جودا جودای بێبنه‌مادا بێباكانه ببێته بڵندگۆ و وته‌بێژی ده‌سه‌ڵاتدارێتی تالانكار. له‌و باوه‌ڕییه دام كه ئه‌و تایپه رۆشنبیره له‌ده‌ره‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتدارێتیدا نین، به‌ڵكو هه‌ر خۆیان رۆحی ده‌سه‌ڵاتدارێتیین و به‌بێ ئه‌وان ده‌سه‌ڵاتدارێتی جه‌سته‌یه‌كی مردووی بۆگه‌نه و سیحری باڵاده‌ستێتی له‌ده‌ستداوه. مخابن

زۆرینەی رۆشنبیرانی باشوور بەشێوەیەك لەشێوەکان لەم رەوتەدان.

رەوتێکی دیکەش هەیە دژبەرێتی دەسەڵاتدارێتی دەکات، بەهەموو ئاراستە و جۆر و شێوەکانی دەسەڵاتدارێتی چ لە سیستەمی سیاسیدا وچ لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا. ئەمەش بە ئەرك و ماهییەتی رۆشنبیر دەزانێت. لەسەر ئەم بنەمایەش جولەی رۆشنبیری خۆی دەکات و رۆشنبیربوون لە دژە دەسەڵاتدارێتیبووندا بەرجەستە دەکات. مخابن رۆشنبیرانی ئەم رەوتە زۆر کەمن. هەڵبەتە لەنێوان هەردوو رەوتدا رۆشنبیرگەلێکیش هەن کە هەم لە ناڵ دەدەن و هەمیش لە بزمار، رەخنەیان لەم

دەسەڵاتە هەیە، بەڵام لەدیویێکی دیکەوە دەیپارێزن، رەخنەیان لەم کۆمەڵگایە هەیە، بەڵام کار بۆ گۆڕینی ناکەن و ئەلتەرناتیڤ و پرۆژەی هزرییان پێنییە. لەئاکامدا رۆشنبیرێکی بێ ئاراستە و بێ رەوتن و لەنگەر ناگرن و ئەگەری زۆرە دواجار لە سەنگەری دەسەڵاتدارێتیدا خۆیان ببیننەوە.

بەڵام رەوتی دژە دەسەڵاتدارێتی رۆشنبیران دەتوانن بە هزر و شاکار و داهێنانەکانیانەوە، بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەیانەوە رۆڵی رۆحی شۆڕش و داینەمۆی شۆڕش و ویژدانی کۆمەڵگا ببینن و ببنە هەوێنی بەرپابوونی شۆڕشی ئازادی. بەڵام کێماسی ئەم رەوتە ئەوەیە کە هێشتا خۆی لە

دژبەرێتی قەبا و لە فەزا و پانتایی پەتاگرتووی ڕۆشـــنبیریی باشـــوور ڕزگـــار نـــەکردووە و دەســـتبەرداری ئـــەو وەهمـــە کوشـــندانەی نوخبەگـــەرێتی نـــەبووە کـــە جۆرێـــك لـــە ســـوپەرمانێتی و تاکگـــەرێتی نمایشـــکار لـــە کەسێتی ڕۆشنبیرە یاخییەکاندا دەخوڵقێنێت.

مســـۆگەر شـــاکارە هـــزری و ئـــەدەبی و هونەرییـەکان خـواردن و وزەی ڕۆحیـی هـەر شۆڕشێکن کە بۆ ئازادی، دادپەوەری، یەکسانی و دیموکراتی بـەرپا ببێـت. مخابن هێشـتا لە باشـووردا ئـەو شـاکارە هـزری و فەلسـەفیانە لەدایك نەبوون کە پچڕاندن(قطیعة)ی گـەورە لە هزری باو و سواو لەگەڵ خۆیـدا بهێنێـت و ڕووی تاك و کۆمەڵگا بە ئاقاری شۆڕشی زیهنی

و ویژدانــــی و کولتـــووری و کۆمەڵایـــەتی و سیاسی ئاراستەگیر بکات، هێشتا ئەو شاکارە ئـەدەبی و هونەریانـە لـەدایك نـەبوون کـە رۆحـی شۆڕشـی تێـدا بەرجەسـتە ببێـت، کـە هەژاندنی هزری و ویژدانی و دەروونی لەنێو تاك و لەڕێی تاکیشـەوە لـەنێو کـۆی کۆمـەڵگا بخوڵقێنێت، کە باوەڕی و هیوا و ئیرادە و وزە و ئەشقی لێگەڕین و ژیاندۆستی لـە کەسێتی تـاکی باشـووردا بچێنێـت. بـەڵام بـەبێ هـزری مــەزن، بــەبێ ئــەدەب و هونــەری ئــازاد و شۆڕشـــگێڕی، شـــۆڕش ســـتووندێکی هـــەرە بنچینەیی خۆی نوقسان و کـەم دەبێت. خـۆم نـاتوانم مەزەنـدەی شۆڕشـێکی ئـازادیخوازی

مـەزن بــەبێ هزرێکــی مــەزن، ئــەدەب و هونەرێکی شاکار بکەم.

## (10)

## ئه‌نجام

## روو له‌ شۆڕش – هه‌میشه‌ شۆڕش

ئیدی له‌ باشووردا به‌رپابوونی شۆڕش بۆته‌ پێداویستییه‌کی ژیانیی ده‌ستلێبه‌نه‌دراو. چونکه‌ له‌باشووردا مرۆڤبوون، کۆمه‌ڵگابوون، گه‌لبوون و نه‌ته‌وه‌بوون له‌ژێر هه‌ڕه‌شه‌ی کوشنده‌ دایه‌ و ئه‌گه‌ر له‌کاتی خۆیدا به‌رپا نه‌بێت ئه‌وا هه‌ڵدێرێکی ترسناك له‌به‌رده‌م باشوور دایه‌. چیدی ژیان له‌ژێر ئه‌و هه‌ڕه‌شه‌ مه‌ترسیداره‌دا ناگوزه‌رێت، چیدی شکۆ و که‌رامه‌تی مرۆڤبوون و ئینتیما و ناسنامه‌ی کۆمه‌ڵگایی و کوردبوونمان له‌ژێر ئه‌و هه‌ڕه‌شانه‌ی سیسته‌می ده‌سه‌ڵاتدارێتی

ستەمکار و سیستەمی کۆمەڵایەتی داخراودا توانستی بەرگەگرتنی نەماوە. ئیدی بێ شۆڕش ژیان ناگوزەرێت. چونکە ئەگەر شۆڕش ئازادیهێنە، ئەوا ژیان و ئازادیش هاوواتای یەکدین، تەنانەت بوون و ئازادی هەر تاکێك و هەر کۆمەڵگایەك پێناسی یەکیدین.

زۆر گرنگە لەوە تێبگەین کە؛ دۆخی ناشۆڕشگێڕی و بەرپانەبوونی شۆڕش لەهەر کۆمەڵگایەکدا دۆخێکی سروشتیی ئەو کۆمەڵگایە نییە. ئەگەر دۆخێکی وەها هەبوو، ئەوا ئەو کۆمەڵگایە گرفتارە و لە گێژاودایە. لەبنچینەدا شۆڕش بۆخۆی دۆخی سروشتی وەگەڕکەوتووی داینەمۆی کۆمەڵگاکانە. ئەو کاتە کۆمەڵگاکان لە دۆخی سروشتی خۆیان

دان کە بەشێوەیەکی سروشتییانە لە گۆڕین و پێشکەوتن و یەکبوونی رۆحیی و ماددیی بەردەوام دان. ئەی گۆڕین و پێشکەوتنی بەردەوام لەسەر راستەڕێی سروشتییانەی خۆی و یەکبوونی رۆحیی بۆخۆی ماهییەت و ئامانجی هەر شۆڕشێکی راستەقینەیە. کەواتە هەمیشە شۆڕش هەمیشە ژیانە، چونکە واتای ژیان لە نوێبوونەوە و گۆڕینی بەردەوام دایە، کە نوێبوونەوە و گۆڕینی بەردەوام و سروشتییانە کۆتایی هات ژیانیش لەو ساتەدا کۆتایی دێت و واتای خۆی لەدەست دەدات.

بێگومان ئەو راستییەش بە گرنگ دەبینم بیخەمەڕوو کە؛ شۆڕش کاری نوخبەیی نییە، بەڵکو کاری جەماوەرە و بۆ جەماوەرە،

پێشەنگیش هەر جەماوەرە. مسۆگەر رابەرانی هەر شۆڕشێکیش هەر لەناو جەماوەرەوە سەرهەڵدەدەن. هەڵبەتە شۆڕش کاڵا نییە تا هاوردە و هەناردە بکرێت. شۆڕش لە هەر کۆمەڵگایەکدا رۆحێکە و هەمیشە دەبزوێ، کە بزاوت و هات کەس ناتوانێت رێگیری لێبکات. شۆڕش خۆی کردەیەکی خەیاڵی نییە، بەڵکو پێداویستییەکی واقیعیە، بەڵام خەیاڵێکی مەزنیشی دەوێت تا لەواقیعدا بە کردەیی بکرێت و ببینرێت. لەهەموو دۆخێکدا؛ بەرپابوونی شۆڕش و شۆڕشگێڕێتی بەکەرامەتبوون و شکۆدارییە، پێچەوانەی "گەوجاندن، خۆگەوجاندن، بێدەنگی و تەسلیمەت"ە کە بێکەرامەتی و بێ شکۆیی

دەسەپێنن. مسۆگەر لەشۆڕشدا بونیادنان بنەما و ئامانجە، لە شەڕانگێزیشدا وێرانکاری بنەما و ئامانجە. ئەمە خاڵی جەوهەری جیاوازییەکانی نێوان شۆڕش و تۆقاندنە.

گومانی تێدا نییە کە هەر شۆڕشێك لە هەر کات و شوێن و کۆمەڵگایەکدا بەرپا ببێت، پێویستیی بە ئامادەکاری هەیە. خۆ ئامادەکردن بۆ بەرپاکردنی شۆڕش نیوەی کاری شۆڕشەکەیە. مانیفێستکردن و خستنەڕووی گرفت و پێداویستی و ئاراستە و ئاقارەکانی بەرپابوونی شۆڕشێك بۆخۆی بەشێکی گرنگ و بنچینەیی ئامادەکاری و خۆئامادەکردنە. شۆڕش وەك چۆن هرز و کردارە، وەهاش پارادایمە. پارادایمی تێگەیشتن لە راستینەی

شـــۆڕش و گوفـــت و پێداویســـتییەکانی و دەستنیشـــانکردنی دۆخـــی شـــۆڕش لـــەڕووی بابـــەتیی و خودییـــەوە بۆخـــۆی نیـــوەی ئامادەکارییەکانە. شۆڕش بەر لە بەرپابوونیدا ســەرکەوتنەکەی مســۆگەر دەکرێــت یــان شکستەکەی دیار دەبێت. نهێنی ئەمەش لە پارادایمی شۆڕش دایە. پارادایمی شۆڕش ئەو پانتاییەیە کە هزر و کرداری شۆڕش ئاوێتەی یەکدی دەکات. پارادایمی شۆڕش ڕێبازی ئامادەکردن و بەرپاکردن و گەیاندنیی شۆڕشە بەسەرکەوتن.

مســۆگەر بــاوەڕیی و هیواداربــوون بــە شۆڕش بەڕادەی خودی شۆڕشەکە بەهادارە. بێهیـوایی دژە شۆڕشـییە و هیچـی لـێ شـین

نابێت. شۆڕش؛ تێگەیشتن و جێبەجێکردن و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و ویژدانییە، کۆی ئەمانەش ڕێگای گەیشتن بەژیانی ئازاد دابین دەکەن. ئەمە هاوکێشە و جەوهەری شۆڕشە. چونکە لە شۆڕشدا تێگەیشتن واتا جێبەجێکردنی ئەوەی لێی تێگەیشتوویت وەکو خۆی، هەڵبەتە تێگەیشتن واتای ئازادیشە. چونکە ڕادەی تێگەیشتن ڕادەی ئازادی نمایش دەکات، ڕادەی ئازادیش ڕادەی بەرپرسیارێتی دەخاتەڕوو. بۆیە شۆڕش لە کرۆك و فەلسەفەی خۆیدا گوزارشت لە یەکبوون و هاووا تابوونی "**ژیان و ئازادی و تێگەیشتن و بەجێهێنان و بەرپرسیارێتی**"یە. سەرکەوتنی هەر شۆڕشێکیش پەیوەستە بە

گوزارشتکردنی تەواو لە فەلسەفە و کرۆکی رۆحیی خۆی، واتا بەردەوامبوون لە پابەندبوون بە ئامانج و ئامرازەکانی خۆی.

لە کۆتادا دەخوازم ئەوە بدرکێنم کە؛ لەڕاستیدا زۆر مژار و گرفتی دیکە هەبوون و پەیوەست بە هێڵی گشتی ئەم نووسینەم بوون و لە چوارچێوەی پرۆژەی ئەم نووسینەمدا دەستنیشانم کردبوون کە تاوتوێیان بکەم. بەڵام نەمتوانی خۆ لە قەرەیان بدەم، نەکا لەوە زیاتر درێژ ببێتەوە، کە رەنگبێ بۆ گۆڤارێکی مانگانەیی وەك (ئازادی کۆمەڵگا) نووسینێکی زنجیرەیی درێژ ئەوەندە لەشوێنی خۆیدا نەبێت، ئەگەرنا ئەم نووسینە بۆخۆی بەشێکە لە هەوڵدان بۆ سەرلەنوێ

خوێندنەوەی دۆخی باشوور و خستنەڕووی پێداویستی و ئەگەرەکان و گرفتەکانی بەرپابوونی شۆڕشێکی زیهنی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە باشووردا. بێگومان ئەم بابەتە پێویستی بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی زیاتر هەیە و دەکرێ بە مانشێتی جیاوازتر لەسەر هەمان بابەت بنووسین و ئەو مژارانەی تاوتوێکراون قووڵتر و فراوانتر لەسەریان بنووسرێن.

تێبینی: ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا بە سێ بەش لە گۆڤاری "ئازادیی کۆمەڵگە" لە ژمارەکانی (12، 13، 14)ی مانگەکانی کانوونی یەکەمی 2016 و کانوونی دووەم و شوباتی 2017دا بڵاوکراوەتەوە.

**کۆتایی**



باشوور لە گێژاو دایە و بۆ تێپەڕاندنی ئەو گێژاوە پێویستیی بە شۆڕشێکی زیهنی - ویژدانی - ئەخلاقی - کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە. دۆخی باشوور لەڕووی بابەتییەوە؛ دۆخی بەرپاکردنی شۆڕشێکی جەماوەرییە و لەدەرەوەی شۆڕشی جەماوەرییشدا هەر چارەسەرییەکی دیکە وەهمێکی دژە شۆڕشییە. ئیدی شۆڕش بۆتە پێداویستییەکی ژیانیی لە باشوور، بێ شۆڕش ژیان زۆر دژوارە و بێ شۆڕش ئیدی ژیان بە واتای خۆی بەردەوام نابێت. چونکە لە باشووردا دۆخێکی داگیرکارکاری و خیانەتکردن لەبەرامبەر بە گەل باڵادەستە و دیار نییە بەرەو چ هەڵدێرێکی مەترسیدار دەبردرێت. بۆیە بەبێ شۆڕشێکی ئازادیخوازی جەماوەری؛ ئەوا داگیرکاری و خیانەتکاریش ڕاناماڵرێت.